گـۆڤـاری زانـکـۆی ڕاپــەڕیــن
Journal of University of Raparin.
مجلة جامعة رابرين

E-ISSN: 2522 – 7130 P-ISSN: 2410 – 1036
This work is licensed under CC-BY-NC-ND 4.0
DOI:10.26750/Vol(11).No(6).Paper11

ڕێـکەوتـی وەرگـرتـن: ٢٠٢٤/٠٥/٢٠
ڕێکەوتی پەسەندکردن: ٢٠٢٤/٠٧/٣١
ڕێـکەوتی بڵاوکردنەوە: ٢٠٢٤/١٢/٢٩

---

# شیکردنەوەی جوگرافی بۆ پرۆژەکانی نیشتەجێبون و کاریگەرییان لەسەر چارەسەرکردنی کێشەی نیشتەجێبون لە شاری کەلار

**کامەران محمد توفیق [1] - شەماڵ علی مارف عزیز [2]**

shamal.marif@univsul.edu.iq - kamaran.mohammed@garmian.edu.krd

[1] بەشی زانستە کۆمەڵایەتییەکان، کۆلێژی پەروەردەی بنەڕەت، زانکۆی گەرمیان، کەلار، هەرێمی کوردستان، عێراق.

[2] بەشی گەشتوگوزار، کۆلێژی بازرگانی، زانکۆی سلێمانی، سلێمانی، هەرێمی کوردستان، عێراق.

**پوختە:**

پرۆژەکانی نیشـــتەجێبون، ئەوانەی تەواوی خزمەتگوزارییەکانی ژێرخان و خزمەتگوزارییە کۆمەڵگەییەکانی بۆ دابینکراوە، ژینگەیەکی ئاوەدانی و کۆمەڵایەتی جیاواز و ئاســـتێکی باشـــتری گوزەران بۆ دانیشـــتوانەکەی دابیندەکات، بەراورد بە گەڕەکە کۆنەکانی شـــار، هەروەها بەردەوامی پەیوەندی خێزانەکان و ئەنجامدانی چالاکییە کۆمەڵایەتییەکان مســـۆگەر دەکات لەڕێگەی هۆکارەکانی بەیەکگەیشـــتنی دانیشـــتوانەکەی لە شـــوێنەکانی تایبەت بە ئەنجامدانی چالاکی وەرزشـــی و خۆشـــگوزەرانیی و یاریگای منداڵانەوە، پرۆژەکانی نیشـــتەجێبون چارەســـەرێکی گونجاوە بۆ چارەسەرکردنی کورتهێنانی نیشتەجێبون لە ئەنجامی جیاوازی نێوان ژمارەی یەکەی نیشتەجێبون و گەشەی دانیشتوان.

ئامانجی توێژینەوەکە شیکردنەوەی کەتواری پرۆژەکانی نیشتەجێبونە لە شاری کەلار لە ڕوی دابەشبونی جوگرافی و هۆکارەکانی دەرکەوتن و پەرەســـەندنی ئەم شـــێوازە لە نیشـــتەجێبون و ڕۆڵیان لە چارەســـەرکردنی کورتهێنانی نیشـــتەجێبون لە ناوچەی توێژینەوە، توێژینەوەکە پێکهاتوە لە شــــەش تەوەر، تەوەری یەکەمی تەرخانکردوە بۆ چوارچێوەی تیۆری بابەتەکە و لە تەوەری دوەمدا باســـی لە دابەشـــبونی جوگرافی پرۆژەکانی

نیشتەجێبون کردوە لە ناوچەی توێژینەوە، کە ژمارەیان (22) پرۆژە و کۆی ژمارەی یەکەکانی (23376) یەکەیە لە ساڵی (2023) و لە تەوەری سێیەمدا هۆکاری دروستبون و زۆربونی پرۆژەکانی نیشتەجێبونی ڕونکردوەتەوە لە ناوچەی توێژینەوە و لە تەوەری چوارەمدا شیکردنەوە بۆ دابەشبونی شوێنی پرۆژەکانی نیشتەجێبون کراوە بە بەکارهێنانی تەکنیکی (GIS)، دواتر لە تەوەری پێنجەمدا هەڵسەنگاندنی بۆ پرۆژەکان کردوە (ئەوانەی دانیشتوانی تێدا نیشتەجێ بوە) لەڕوی چڕی و خزمەتگوزارییە کۆمەڵگەییەکانی پرۆژەکان ئەوانەی لە سایت پلان و کەتواری ئێستای پرۆژەکاندا هەیە و ئەوانەی لە پێوەرەکانی پلاندانانندا هاتوە بەپێی ژمارەی دانیشتوان و یەکەکانی نیشتەجێبون، تەوەری شەشەم تەرخانکراوە بۆ ڕونکردنەوەی ڕۆڵی پرۆژەکان لە چارەسەرکردنی کورتهێنانی نیشتەجێبون لە شاری کەلار، کە ژمارەی خێزانەکان (34663) خێزان لە بەرامبەردا (32498) یەکەی نیشتەجێبون هەیە لە ساڵی (2023)، دواتر بە ئەنجام ڕاسپاردەکان کۆتایی هاتوە.

**کلیلە وشەکان**: پرۆژەی نیشتەجێبون، وەبەرهێنان، کەلار، کێشەی نیشتەجێبون، خزمەتگوزاری.

## پێشەکی:

نیشتەجێبون پێویستییەکی سەرەکی دانیشتوانە و لەڕیزبەندی پێویستییە گرنگەکانی مرۆڤ لە دوای خۆراک و پۆشاک دێت، بەردەستبونی شوێنی یەکەی نیشتەجێبون خێزان و تاک لە نائارامی و شڵەژان دەربازدەکات لەبەرئەوەی یەکەی نیشتەجێبون پەناگە و شوێنی پراکتیزەکردنی ڕێوڕەسمەکانی ژیانی مرۆڤە، ئەو فەزایە پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانی تێدا بەدی دێت، هەروەها خێزان یەکگرتویی و هاوئاهەنگی و جوڵەی خۆی تێدا بەدەستدەهێنێت، شێوازی نیشتەجێبونی مرۆڤ دەرئەنجامی گۆڕانکاری و ڕوداوە جیاواز و هەمەلایەنەکانی ماوەکانی ڕابردوە، دوای ئەوەی دابینکردنی دامەزراوەکانی خزمەتگوزاری ژێرخان و کۆمەڵگەییەکان کێشە و بارگرانی زۆری بۆ حکومەت دروستکرد، ئاراستەی کارکردنی حکومەت لە دابینکردنی شوێنی نیشتەجێبون بۆ دانیشتوان لە دابەشکردنی زەوییەوە گۆڕا بۆ پشتبەستن بە کەرتی تایبەت لە دروستکردنی پرۆژەی نیشتەجێبونی تەواو لەڕوی پێکهاتە و خزمەتگوزارییەکانییەوە، لێرەوە توێژینەوە شیکردنەوە بۆ ڕۆڵی پرۆژەکانی نیشتەجێبونی دەکات (پرۆژەی وەبەرهێنان) لە چارەسەرکردنی کێشەی نیشتەجێبون لە شاری کەلار.

### گرنگی توێژینەوە:

کێشەی نیشتەجێبون مەترسی ئابوری و کۆمەڵایەتی لەسەر ژیان تاک و خێزان هەیە، پرۆژەکانی نیشتەجێبون ستراتیجییەتی پەیڕەوکراوە لەلایەن حکومەتەوە بۆ دابینکردنی پێویستییەکانی نیشتەجێبون، لێرەوە گرنگی توێژینەوە لە شیکردنەوەی دۆخی پرۆژەکان و هەڵسەنگاندنی تواناکانیانە بۆ ئەنجامدانی ئەرکەکەیان و ئەو ئاستەنگانەی هاتوەتە پێش کارکردنیان.

### کێشەی توێژینەوە:

دەکرێت بەم دو پرسیارە کێشەی توێژینەوە بخەینەڕو، ئایا پرۆژەکانی نیشتەجێبون ژینگەیەکی گونجاون بۆ ئەنجامدانی چالاکییە کۆمەڵایەتییە سەرەتاییەکان، کە لە هەمو شارێکدا پێویستن، وەک پیاسەکردن، کۆبونەوە کۆمەڵایەتییەکان، پاسکیلسواری، ڕۆیشتن بۆ قوتابخانەکان و هتد؟ هەروەها تا چەند یارمەتیدەرن بۆ چارەسەرکردنی کورتهێنانی نیشتەجێبون و بنبڕکردنی کێشەی نیشتەجێبون لە ناوچەی توێژینەوە؟

**گریمانەی توێژینەوە:**

گریمانەی توێژینەوەکە لەسەر بنەمای ئەم دەستەواژە دامەزراوە: "پڕۆژەکان کێشەی دواکەوتن و تەواونەکردنی خزمەتگوزارییەکانی هەیە، هەربۆیە ژینگەیەکی بێ کێشەیان بۆ دانیشتوان فەراهام نەکردوە، بە جێبەجێکردنی پلانی پڕۆژەکانی و پابەندبون بە ماوە زەمەنییەکانەوە، دەتوانین ژینگەیەکی کۆمەڵایەتی مرۆیی گونجاو دروست بکەین"، هەروەها هەرچەندە یارمەتیدەرن بۆ پڕکردنەوەی کورتهێنانی نیشتەجێبون، بەڵام بۆ چارەسەرکردنی کێشەی نیشتەجێبون دەبێت هاوتەریب لەگەڵ پڕۆژەکانی وەبەرهێنان کار لەسەر دروستکردنی پڕۆژەی تایبەت بە چینی هەژار و کەم دەرامەت بکرێت.

**ئامانجی توێژینەوە:**

1- شیکردنەوە و هەڵسەنگاندنی پڕۆژەکانی نیشتەجێبون لە شاری کەلار.

2- ڕونکردنەوەی ڕۆڵی کەرتی تایبەت لە پڕکردنەوەی کورتهێنانی نیشتەجێبون و چارەسەرکردنی کێشەی نیشتەجێبون لە شاری کەلار.

**میتۆدی توێژینەوە:**

هەمو توێژینەوەیەک پێویستی بە میتۆدیک یان زیاتر هەیە تاوەکو هەنگاوەکانی ئەنجامدانی ڕێڕەوی زانستی وەربگرێت، میتۆدە بەکارهاتوەکانی ئەم توێژینەوە بریتییە لە:

-میتۆدی وەسفی بۆ گەیشتن بە زانیارییە و ورد و پوختەکان لەسەر وردەکاری دیادرەکە و گەیشتن بە تێگەیشتنێکی باشتر و وردتر، هەروەها شێوازی ڕوپێوی مەیدانی بۆ کۆکردنەوەی زانیاری و شیکاری و لێکدانەوەی دۆخی ئێستای پڕۆژەکان و ڕۆڵیان لە چارەسەرکردنی کێشەی نیشتەجێبوندا.

-میتۆدی شیکاری چەندێتی لە شیکاری داتا و زانیارییەکانی پڕۆژەکانی نیشتەجێبون لەڕێگەی خستنەڕوی داتا و ئامارەکان پشتبەستن بە بەرنامەی (Arc Gis 10.8).

**سنوری توێژینەوە:**

سنوری ناوچەی توێژینەوە دو ڕەهەندی هەیە، یەکەمییان سنوری شوێنییە، کە بریتییە لە ڕوبەری گەڕەکەکانی شاری کەلار، کە لە (50) گەڕەک پێکهاتوە لەسەر ڕوبەری زیاتر لە (2864) هێکتار زەوی، لە ڕوی کاتەوە توێژینەوە باس لە پڕۆژەکانی نیشتەجێبون دەکات، ئەوانەی لە دامەزراندنی دەستەی وەبەرهێنانەوە لە ساڵی 2006 مۆڵەتی دروستکردنیان وەرگرتوە تاوەکو 31/ 12/ 2023.

**1-ناساندنی ناوچەی توێژینەوە و چەمکە بەکارهاتوەکان:**

**1-1-ناساندنی ناوچەی توێژینەوە:**

ناوچەی توێژینەوە شاری کەلاری ناوەندی قەزای کەلارە، لە ڕوی جوگرافییەوە کەوتوەتە ناوچەی نیمچە شاخاوی لە باشوری ڕۆژهەڵاتی هەرێمی کوردستان و باکوری ڕۆژهەڵاتی عێراق، لە ڕوی کارگێڕییەوە لە ڕۆژئاوا و باشورەوە هاوسنورە لەگەڵ قەزای کفری و لە ڕۆژهەڵاتەوە قەزای خانەقین و لە باکوری ڕۆژهەڵاتەوە قەزای دەربەندیخان و لە باکورەوە هەردو قەزای قەرەداغ و چەمچەماڵ، شوێنی شاری کەلار بەشوێنێکی گرێی مرۆیی ناودەبرێت لە نێوان چەند شار و ناوچەی گرنگدا، (140کم) لە شاری سلێمانییەوە دورە، دەکەوێتە دوری (250کم) لە هەولێری پایتەختی هەرێمی کوردستانەوە، هەروەها (160کم) لە شاری کەرکوکەوە دورە و دەکەوێتە دوری (180کم) لە شاری بەغدادی پایتەختی عێراق و (120کم) شاری بەعقوبە، هەروەها (34کم) لە

مەرزی نێودەوڵەتی پەروێزخانەوە دورە(احمد، 2016، 9)، هەروەک لە ڕوی ئەسـترۆنۆمییەوە دەکەوێتە نێوان بازنەی پانی (08¨ 36´ 34°- 24¨ 39´ 34°) باکور و هێڵی درێژی (14¨ 17´ 45°- 50¨ 21´ 45°) ڕۆژهەلات، (نەخشەی 1).




نەخشەی (1) سنوری ناوچەی توێژینەوە بەپێی عیراق و هەرێمی کوردستان و پارێزگای سلێمانی و ئیدارەی گەرمیان و قەزای کەلار

سەرچاوە: کاری توێژەران پشتبەستن بە: 1-حکومەتی هەرێمی کوردستان، وەزارەتی پلاندانان، بەڕێوەبەرایەتی ئاماری سلێمانی، نەخشەی کارگێڕی پارێزگای سلێمانی، بەشیGIS، 2024.

2-حکومەتی هەرێمی کوردستان، وەزارەتی شارەوانی و گەشتوگوزار، سەرۆکایەتی شارەوانی کەلار، بەشیGIS، نەخشەی گەڕەکەکانی سنوری شاری کەلار، 2024.

بەهۆکاری ئەو تایبەتمەندییانەی شوێنی شار، ناوچەی توێژینەوە وەک ناوەندێکی گرنگی ڕاکێشەری دانیشتوان دەردەکەوێت و کاریگەریی و باڵادەستی لە هەرێمەکەیدا وەک ناوەندێکی گرنگی شارستانی ڕون و بەرچاوە، هەمو ئەوانە کاریگەرییان لەسەر گەشە و فراوانبون و زۆربونی خواست لەسەر یەکەی نیشتەجێبون دروستکردوە، نەبونی ئاستەنگی سروشتی و گونجاوی بەرزونزمی ڕوی زەوی کاری بیناکردنی ئاسانکردوە.

### 1-2-ناساندنی چەمکەکان:

### 1-2-1 پرۆژەی نیشتەجێبون:

چەمکی پرۆژەکانی نیشتەجێبون لە پەرتوک و توێژینەوە جیاوازەکاندا هاتوە، هەرچەند جیاوازی لە دەربڕینەکاندا هەبێت، بەڵام لە ناوەڕۆکدا واتایەک دەبەخشـــن، (عبدالرزاق عباس حســـين) بە (گەڕەکی نیشـــتەجێبونی پلان بۆ داڕێژراو) ناوی دەبات و لە پێناسـەکردنییدا دەڵێت: ناوچەی نیشـتەجێبونی هاوشـێوە و پلان بۆ داڕێژراوە لەلایەن پلاندانەرانەوە، ئەوانەی بەپێی توانا هەوڵدەدەن هەمو گەڕەک و یەکەکان هاوشـێوەی یەکبن لە ڕوی توێژی کۆمەڵایەتی و ئاسـتی بژێوییەوە، هەروەها ئەو گەڕەکانە خزمەتگوزاری فێرکاری و خۆشـگوزەرانی و بازرگانی بۆ دابینکراوە، شـوێنی دور لە شـەقامە قەرەباڵغەکان بۆ ئەم پرۆژانە هەڵدەبژێردرێت، وەکو گەڕەکی (الضـباط و الشـرطة) لە دەرەوەی شـاری بەغداد (عبدالله و سـليم، 2019، 160)، لە کاتێکدا (زين العابدين صـفر) دەڵێت. (کۆمەڵگەی نیشـتەجێبون) یان (یەکەی تەواو) لەلایەن کۆمپانیای بیناکارییەوە بە ماوەیەکی کەم بینا دەکرێن، ڕوبەرێکی فراوانی شـار داگیر دەکەن، بەرزی باڵەخانە و قەبارە و ڕوبەرەکانی تێدا لەبەرچاو دەگیرێت، لەگەڵ دیزاینی شـــەقامەکان و پانییان بەپێی ئەرکەکانیان، چڕی دانیشتوان تێیاندا نزمە و بایەخی زیاتر بە دامەزراوە و خزمەتگوزارییە گشتییەکان دەدرێت (صفر، 2015، 160-161)، لە پێناســـەییەکی تردا هاتوە (ناوچەی نیشـــتەجێبونی تەواوە لە ڕوی دامەزراوە و خزمەتگوزارییەکانەوە، چەمکێکی نوێیە بۆ پەرەپێدانی ئاوەدانی ناوچەکانی نیشـــتەجێبون، بەزۆری یەکەی نیشـــتەجێبونی جۆراوجۆری تێدایە گونجاوە لەگەڵ ئاســـتە ئابوری و کۆمەڵایەتییە جیاوازەکاندا، ســـەرەڕای تۆڕی شـــەقام و ڕێڕەوی پیادە، کۆمپانیاکانی بیناکاری کاری دروســـتکردن و بەبازاڕکرن و چاککردن و بەگەڕخستنی ئەم کۆمەڵگانە دەکەن) (البهنساوي، 2008، 92).

وەک تێبینی دەکرێت لە یەکچون هەیە لە ناوەڕۆکی پێناســـەکاندا، بۆیە دەکرێت بڵێین ئەم پرۆژانە ناوچەی نیشـــتەجێبونی ســـەردەمییانەیە و لەلایەن کۆمپانیاکانی بواری نیشـــتەجێبونەوە دروســـت دەکرێن، بەپێی قەبارەیان دامەزراوە خزمەتگوزراییە جیاوازەکانیان بۆ دابیندەکرێت، بە زۆری لە ڕێگەی دیوارێکەوە لە بەشەکانی تری شار جیادەکرێتەوە و سیستمی پاراستنییان هەیە و لەلایەن کۆمپانیای تایبەتەوە بەڕێوە دەبرێن و خزمەتگوزارییان تێدا پێشکەش دەکرێت و کاری چاککردنیان تێدا ئەنجام دەدرێت.

### 1-2-2-پێوەری پلان دانان:

یەکەی ستاندارده بۆ هەر جۆره خزمەتگوزارییەک (تەندروستی، پەروەردە، خۆشگوزەرانی...) بەپێی ئەو ئاستەی، کە دەتوانرێت وەربگیرێت، جا لەڕوی ڕوبەرەوە بێت یان ژمارە، یان ئەو یەکە ســـتانداردانەن، کە ژینگەی شـــار بەڕێوەدەبەن، لەوانەش لایەنی کۆمەڵایەتی، نیشتەجێبون، یان ئابوری (وزارة الشؤن البلدية و القروية، 1426ه، 2).

ئامانجی پێوەرەکانی پلاندانان بەگشـتی دیاریکردنی هەمو ئەو ڕێکارانەیە گرەنتی ژینگەیەکی نیشـتەجێبون دەکەن، تەندروسـتی و خۆشـگوزەرانی کۆمەڵگە بەرەو پێشـەوە ببات، هەروەها یەکەی نیشـتەجێبون پارێزراو و گونجاو بێت بۆ مرۆڤ و خواسـتەکانی و ژیانێکی باشـتری بۆ دابین بکات، پێوەرەکانی نیشـتەجێبون پەیوەسـتە بە ڕەهەندە کۆمەڵایەتی، ئابوری، شـارسـتانی و ژینگەییەکانی وڵاتەوە، هەروەک بەشـــێوەیەکی زۆر پەیوەندی بە گۆڕانکارییەکانی وڵات و تێڕوانیین بۆ ئایندەوە هەیە، لەگەڵ دیاریکردن و چارەســـەرکردنی کێشـــەکانی نیشـــتەجێبون ئەوانەی ڕوبەڕویان دەبێتەوە، لە ڕێگەی پێشـــکەشـــکردنی پێوەری گونجاو لەگەڵ ئەو ئاڵنگارییەدا، پێوەرەکان لەبواری نیشـتەجێبون، لەسـەر بنەمای (تێکڕای قەبارەی خێزان، تێکڕای ژمارەی دانیشـتوان، ژماری یەکەی نیشـتەجێبون) (وزارة الاسكان، 2018، 11)، کار لەسـەر دیاریکەرەکانی ڕێکخسـتنی کۆمەڵگەی دانیشـتوان لە شـار دەکەن بۆ(وزارة الاسكان، 2018، 11-15):

1-تاخی نیشتەجێبون (Residential Precinct) قەبارەی لە نێوان (15-75) یەکەیە.

2-گەڕەک (Residential Neighborhood) قەبارەی لە نێوان (400-600) یەکەیە.

3-کۆمەڵگەی نیشتەجێبون (Residential Community) قەبارەی لە نێوان (2400-1600) یەکەیە.
4-کەرتی نیشتەجێبون (Residential District)) قەبارەی لە نێوان (9600-6400) یەکەیە.

هەریەکە لەو بەشـــانەی شـــار خزمەتگوزاری جیاوازی بۆ دابین دەکرێت لە ڕوی جۆر و ڕووبەرەوە، کە گونجاوبێت لەگەڵ ژمارەی دانیشـتوانەکەی. لە دابینکردنی خزمەتگوزارییەکان وردەکاری جیاواز لەبەرچاو دەگیرێت، چ بۆ دانیشـتوانی بە ئامانج گیراو، یان چۆنێیەتی دیاریکردنی ڕووبەرەکان هەروەک لە (خشـــتەی 1) نمونەی وردەکارییەکانی دابینکردنی هەندێک لە خزمەتگوزارییەکان هاتوە.

خشتەی (1) پێوەرەکانی پلاندانانی هەندێک لە دامەزراوە خزمەتگوزارییەکانی شار

| ز | جۆری دامەزراوە | ڕێژەی % تەمەنی بەکارهێنەر لە کۆی دانیشتوان | ڕێژەی % کەسانی خزمەتکراو لە کۆی گروپی تەمەن | ڕوبەر م$^2$/ بەکارهێنەر | پوختەی ڕوبەری بینا م$^2$/ بەکارهێنەر | کۆی ڕوبەری بینا م$^2$/ بەکارهێنەر | دورترین مەودا بۆ گەیشتن/ م |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| 1 | دایەنگە | 12,34 | 40-5 | 18-15 | 8,5-7,5 | 10,5-9 | 300 |
| 2 | باخچە | 5,87 | 50-25 | 16-15 | 6,4-5,8 | 8-7,25 | 300 |
| 3 | ق سەرەتایی | 15,4 | 100 | -8,37 9,38 | 3,6-3 | 10,5-9 | 500 |
| 4 | ق. ناوەندی | 7 | 85 | -8,37 9,38 | 4-3,72 | 5,15-4,65 | 500 |
| 5 | خ. ئامادەی | 6,28 | 72 | -10,9 11,8 | 5-4,5 | 6,5-5,5 | 800 |
| 6 | بنکەی تەندروستی | 100 | 100 | -0,08 0،16 | 0,05-0,03 | 0,065-0,04 | 1200-600 |
| 7 | ناوەندی بازرگانی | 75 | 100 | -0,50 0,55 | 0,3-0,25 | 0,36-0,30 | 500 |
| 8 | مزگەوت و کەنیسە | 100 | 100 | 0,30 | 0,10 | 0,125 | 800 |
| 9 | گۆڕەپانی یاری | 18,13 | 100 | 1,40 | - | - | 150 |
| 10 | گۆڕەپانی یاری | 15,48 | 100 | 1,6-1 | - | - | 300-200 |
| 11 | یاریگای وەرزشی | 13,27 | 100 | 3-1,75 | - | - | 800-500 |

| | | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| 12 | باخچە | 100 | 100 | 0,75-<br>2,25 | - | - | 800 |

سەرچاوە: وزارة الاعمار و الاسكان و البلديات و الاشغال العامة، دائرة الاسكان، معايير الاسكان الحضري و الريفي في العراق، الباب الرابع، جدول رقم 4-2-2، 2018، ص59.

**1-2-3-تایبەتمەندی پرۆژەکانی نیشتەجێبون:**

گرنگترین تایبەتمەندی پرۆژەکانی نیشتەجێبون ئەمانەی لای خوارەوەیە (البهنساوي، 2008، 99):

1-دیزاینکردنی پلانی پرۆژەکان بە ئاستێکی بەرزە لە ڕوی ستانداردی پلاندانان و گرنگیدان بەجیاکردنەوەی جوڵەی پیادە لە جوڵەی ئۆتۆمبێل و دابینکردنی ڕێڕەوی سەلامەت بۆ پیادە و شوێن بۆ ئەنجامدانی چالاکی کات بەسەربردن و وەرزش و دابینکردنی تایبەتمەندی ناوچەی نیشتەجێبون و دابینکردنی کوالیتییەکی جیاوازی خزمەتگوزارییە گشتیەکان لە شوێنی گونجاودا لەگەڵ بایەخدان بە لایەنی جوانکاری.

2- دابینکردنی جۆرەها مۆدێلی تەلارسازی، لەوانەش ئاپارتمان و یەکەی نیشتەجێبون و ڤێلا، بگونجێت لەگەڵ ئاستی ئابوری چینی بە ئامانجگیراو و ئەنجامدانی ئیش و کارەکان بەپێی باشترین ئاستەکانی جێبەجێکردن و تەواوکردن.

3- پێشکەشکردنی خزمەتگوزاریی پەروەردەی و تەندروستی و ئاینی و خۆشگوزەرانی و نیشتەجێبون و بازرگانی، جگە لەوەش خزمەتگوزاری ئاسایش و پۆست و خزمەتگوزارییە پێویستەکانی تر بۆ پرۆژەکە بەپێی ستاندارد و ڕێژەکانی پلاندانان بەو شێوەی گونجاو بێت لەگەڵ چڕی پێشبینیکراوی شوێنەکە.

4-جێبەجێکردنی تۆڕی خزمەتگوزاری ژێرخان (ئاو، ئاوەڕۆ، کارەبا، تەلەفۆن، ئاگرکوژێنەوە) بەو شێوەی گونجاوبێت لەگەڵ چڕی دانیشتوانی پرۆژەکە و پەیوەستکردنییان بە هاوشێوەکانیان لە دەرەوەی پرۆژە.

5- جێبەجێکردنی کارە ئەندازەییەکان بە شێوەیەکی یەکگرتو بۆ باڵەخانە، ڕێگاوبان، ڕێڕەوی پیادە، دیزاینی زەوی و تۆڕەکانی خزمەتگوزاری، بەکارهێنانی تەکنەلۆژیای سەردەم لە جێبەجێکردنیاندا لە پێناو پاراستنی ئاستی کوالیتی ئەرکە جێبەجێکراوەکان و یەک لە دوای یەکبونیان بەپێی خشتەی کاتیی ئەنجامدان، کە گرەنتی جێبەجێکردنیان دەدات لە ماوەیەکی کورتدا و لەدەستدان و لەناوچون کەم دەبێتەوە، جێگەی ئاماژەیە دەبێتە هۆی کەمبونەوەی تێچوی جێبەجێکردنی یەکەکانی پرۆژەکە.

6-یەکەکانی ناو پرۆژەکە نادرێت بەخاوەنەکانیان تاوەکو تەواوی یەکەکان و دامەزراوە خزمەتگوزارییەکانی پرۆژەکە تەواودەکرێت، ئەمەش یارمەتی پاراستنی ژینگەی نیشتەجێبون دەدەات لە پرۆژەکەدا.

7-لەو پرۆژانەی ڕوبەری گەورەیان هەیە ئەنجامدانی کارکردن دابەش دەکرێت بۆ چەند قۆناغێک، لەهەر قۆناغێکدا ئەو بەشەی پرۆژە، کە بە یەکە و دامەزراوەکانییەوە بەتەواوی جێبەجێ دەکرێت، بۆ ئەوەی ژینگەکە بەتەواوی بەردەوام لە پرۆسەی بیناکارییدا نەبێت، هەروەها ئەو بەشەی دانیشتوانی تێدا نیشتەجێبوە بەتەواوی لەو بەشەی هێشتا لە قۆناغی دروستکردندایە جیادەکرێتەوە بۆ ئەوەی ئارامیی ژینگەی نیشتەجێبون تێکنەدات.

8-پابەندبون بە کات لە پلانی پەسەندکراو و کۆنترۆڵکردنی ماوەکانی جێبەجێکردن، مەترسییەکانی بەرزبونەوەی نرخی کەرەستەی خاو و کەرەستەی بیناسازی و بەرزبونەوەی تێچوی کار و کاریگەرییەکانیان لەسەر نرخی یەکەکان لە قۆناغی جێبەجێکردندا و کێشە داراییەکانی پرۆژەکە کەمدەکاتەوە.

**2-دابەشبونی جوگرافی پرۆژەکانی نیشتەجێبون لە شاری کەلار:**

دابەشـــبونی دیاردەکان لە توێژینەوە جوگرافییەکان بە پایەیەکی بنەڕەتی دادەنرێت، بەو پێیەی جوگرافیا بە لێکۆڵینەوە لە دابەشبونی دیاردەکان لەسەر ڕوی زەوی وەسف کراوە، لەبەرئەوەی هەر دیاردەیەکی جوگرافی شوێنێکی لەسەر ڕوی زەوی هەیە، کە جیاوازە لەوانی دیکە (کاطع، 2017، 40)، دیاریکردنی شـــوێن یەکێکە لە گرنگترین بابەتەکان، کە توێژەرانی بواری پڕۆژەکانی نیشـــتەجێبون و ئەوانەی پلانیان بۆ دادەنێن بایەخی پێدەدەن، چونکە شـــوێنی جوگرافی پڕۆژەکان ڕۆڵی ســـەرەکی هەیە لە کاریگەریکردن لەسەر ڕادەی سەرنجڕاکێشی پڕۆژەکە بۆ دانیشتوان و کاریگەرییەکەی و ئاسانی ڕۆیشتن و گەڕانەوە.

لە خشـــتەی (2) دەردەکەوێت لە دامەزراندنی دەســـتەی وەبەرهێنان لە ماوەی نێوان (2006-2023) ژمارەی پڕۆژەکانی نیشـــتەجێبون لە ناوچەی توێژینەوە گەیشـــتە (22) پڕۆژە، ڕێژەی (91%) پڕۆژەکان وەکو گەڕەکی ســـەربەخۆ مامەڵەیان لەگەڵ دەکرێت (شارەوانی کەلار، 2024)، وەک لە نەخشـەی (2) تێبینی دەکرێت (12%) پڕۆژەکان دەکەونە باشـور و باشـوری ڕۆژئاوای شـــارەوە و (16%) پڕۆژەکان دەکەونە باکوری ڕۆژئاوای ناوچەی توێژینەوە و (72%) پڕۆژەکان دەکەونە باکور و باکوری ڕۆژهەڵاتی ناوچەی توێژینەوە، هۆکاری بونی بەشی زۆری پڕۆژەکان لە باکور و باکوری ڕۆژهەڵاتی ناوچەی توێژینەوە دەگەڕێتەوە بۆ بەردەستبونی ڕوبەری پێویست، کە زەوی وەزارەتی کشتوکاڵە و بەشێوەی گرێبەست جوتیارەکان کاری لەسـەر دەکەن، بۆیە پرۆسەی گۆڕینی بەکارهێنانی بۆ نیشـتەجێبون کارێکی ئاسانترە بەراورد بە زەوییەکان باشـوری ڕۆژئاوا و ڕۆژئاوای شـارەکە، کە زیاتر موڵکی تایبەتن.

ڕوبەری تەواوی پڕۆژەکان لە ناوچەی توێژینەوە نزیکەی (1000) هێکتارە، بەڵام هەر یەکەو لەو (22) پڕۆژە ڕوبەری جیاواز داگیر دەکەن، پڕۆژەی (فەرمانبەران) بەڕوبەری (139،6156) هێکتار گەورەترین پڕۆژەیە و پڕۆژەی (نەوژین ستی2) بچوکترینە بە ڕوبەری (10،8203) هێکتار (شـــارەوانی کەلار، 2024)، هەروەها ژمارەی یەکەکان بەپێی قەبارەی هەریەکێکیان جیاوازە، زۆرترین ژمارەی یەکە لە پڕۆژەی نیشـــتەجێبونی (دەروازەی کەلار) بریتییە لە (5531) و کەمترین ژمارەی یەکە لە پڕۆژەی نیشـــتەجێبونی (نەوژین ســـتی2) بە (88) ڤێلای نیشـــتەجێبون، لەڕوی تێچونەوە ئەم پڕۆژانە زیاتر لە (1200000000) دۆلاریان بەگەڕخســـتوە (خشتەی 2)، کە کاریگەرییەکی باشی هەیە لەسەر جوڵەی بازاڕ و دابینکردنی هەلی کار بۆ ژمارەیەکی زۆر لە دەستی کاری کارامە وناکارامە لە پیشە جیاوازەکان.

زیاتر شیوازی ئاسۆیی پەیڕەو کراوە لە پڕۆژەکاندا، (73%) پڕۆژەکان تەنها یەکەی ئاسۆیی لەخۆدەگرێت، (23%) پڕۆژەکان تێکەڵە واتا جگە لە یەکەی ئاســـۆیی و ڤێلا و باڵەخانەی نیشـــتەجێبونی تێدایە، هەروەها ڕێژەی (4%) پڕۆژەکان بریتییە لە نیشـتەجێبونی سـتونی بەتەنها، ئەوەی تێبینی دەکرێت نزیکەی (64%) پڕۆژەکان لە سـالی 2023 مۆڵەتیان وەرگرتوە، بەتێڕوانینی توێژەر ئەم ژمارە زۆرەی مۆڵەت پێدان لەسەر بنەمای پلانی زانستی بەلەبەرچاوگرتنی (ژمارەی یەکەی نیشتەجێبون و خێزان) نیە، کە دەبو دروســتکردنی پڕۆژەی نیشـتەجێبون لەســەر بنەمای دیاریکردنی ســاڵی ئامانج و گەشــەی دانیشــتوان و قەبارەی خێزانی پیشـبینیکراو بێت، کە جگە لە دابینکردنی پێویسـتی نیشـتەجێبون، پارێزگاری لە هاوسـەنگی و جوڵەی بەردەوامی بازاڕی خانوبەرە بکات وەک کەرتێکی ئابوری گرنگ، کە ڕەنگدانەوەی لەسەر دۆخی ئابوری و گوزەرانی دەستی کار هەیە لە شاری کەلاردا.

نزیکەی (5%) پڕۆژەکان بە تەواوی تەواوکراو، ئەاونی تر بەڕێژەی جیاواز لە قۆناغی کارکردندان، هەروەها پڕۆژەکانی (هێلان ستی، تابلۆ، لانە ستی، بان ستی)، کە دانیشتوانی تێدا نیشتەجێیە هێشتا تەواوی کارەکانی کۆتایی پێ نەهاتوە، ئەوانەی ماوەی زەمەنی دیاریکراو بۆ جێبەجێکردنیان تەواوبوە، بەهۆکاری کێشــەی دواکەوتنی قیســتی مانگانەی بەشــداربوان و دیارینەکردنی کاتی تەواوکردنی خزمەتگوزارییە کۆمەڵگەییەکان لە گرێبەســـتی فرۆشـــتنی یەکەکاندا هێشـــتا کارکردنیان بەردەوامە، یان ڕاوەســـتاوە بەتەواونەکراوی.

خشتەی (2) زانیاری دەربارەی پڕۆژەکانی نیشتەجێبون لە شاری کەلار لە ساڵی 2023

| ز | پڕۆژە | ژمارەی یەکە | مۆڵەت | بودجەی پڕۆژە بە دۆلار | جۆری یەکە | دۆخی کارکردن |
|---|---|---|---|---|---|---|
| 1 | دریم لاند1 | 186 | 2008 | 6000000 | تێکەڵ | تەواوکراوە |
| 2 | دریم لاند2 | 240 | 2008 | 21840000 | ستونی | بەردەوامە |
| 3 | هێلان ستی | 955 | 2009 | 46330000 | ئاسۆیی | تەواونەکراوە |
| 4 | تابلۆ | 1385 | 2011 | 57832974 | ئاسۆیی | بەردەوامە |
| 5 | لانە ستی | 440 | 2011 | 14850000 | ئاسۆیی | بەردەوامە |
| 6 | مامۆستایان | 2060 | 2018 | 113637992 | تێکەڵ | بەردەوامە |
| 7 | بان ستی | 810 | 2018 | 46943000 | ئاسۆیی | تەواونەکراوە |
| 8 | فەرمانبەران | 2834 | 2020 | 18074000 | تێکەڵ | بەردەوامە |
| 9 | دەروازەی کەلار | 5531 | 2023 | 102215375 | تێکەڵ | بەردەوامە |
| 10 | مارینا | 1033 | 2023 | 62560000 | تێکەڵ | بەردەوامە |
| 11 | کەناری سیروان | 328 | 2023 | 28000000 | ئاسۆیی | بەردەوامە |
| 12 | شاری سەوز | 566 | 2023 | 23149705 | ئاسۆیی | بەردەوامە |
| 13 | ڕۆیاڵ ستی | 449 | 2023 | 62478080 | ئاسۆیی | بەردەوامە |
| 14 | دریم لاند3 | 1472 | 2023 | 85280000 | ئاسۆیی | بەردەوامە |
| 15 | گەرمیان ستی1 | 293 | 2023 | 150000000 | ئاسۆیی | بەردەوامە |
| 16 | گەرمیان ستی2 | 1750 | 2023 | 150000000 | ئاسۆیی | بەردەوامە |
| 17 | شەم ستی | 389 | 2023 | 15365350 | ئاسۆیی | بەردەوامە |
| 18 | هیوا ستی | 1070 | 2023 | 41872680 | ئاسۆیی | بەردەوامە |
| 19 | جاف ستی | 500 | 2023 | 65500000 | ئاسۆیی | بەردەوامە |
| 20 | نۆژین ستی2 | 88 | 2023 | 12320000 | ئاسۆیی | بەردەوامە |
| 21 | نۆژین ستی3 | 162 | 2023 | – | ئاسۆیی | بەردەوامە |
| 22 | شادی ستی | 835 | 2023 | 83000000 | ئاسۆیی | بەردەوامە |
| کۆی گشتی | | 23376 | | 1207249156 | | |

سەرچاوە: کاری توێژەران پشتبەستن بە:

-حکومەتی هەرێمی کوردستان، دەستەی وەبەرهێنانی هەرێم، بەڕێوەبەرایەتی گشتی وەبەرهێنانی گەرمیان، بەڕێوەبەرایەتی ئامار و زانیاری، زانیاری دەربارەی پڕۆژەکانی نیشتەجێبون، بڵاونەکراوە، 2024.

– حکومەتی هەرێمی کوردستان، وەزارەتی شارەوانی و گەشتوگوزار، سەرۆکایەتی شارەوانی کەلار، هۆبەی GIS، نەخشەی گەڕەکەکانی شاری کەلار، 2024

نەخشەی (2) دابەشبونی جوگرافی پرۆژەکانی نیشتەجێبون لە شاری کەلار بۆ ساڵی 2023




سەرچاوە: کاری توێژەران پشتبەستن بە: 1-سەرۆکایەتی شارەوانی کەلار، بەشیGIS، نەخشەی گەڕەکەکانی سنوری شاری کلار، 2024.

2- حکومەتی هەرێمی کوردستان، دەستەی وەبەرهێنانی هەرێم، بەڕێوەبەرایەتی گشتی وەبەرهێنانی گەرمیان، بەڕێوەبەرایەتی ئامار و زانیاری، زانیاری دەربارەی پرۆژەکانی نیشتەجێبون، بڵاونەکراوە، 2024.

## 3-هۆکاری دروستبونی پرۆژەکانی نیشتەجێبون لە شاری کەلار:

### 3-1-بەرزونزمی جێگای شار:

شاری کەلار لە بەشی باشورییەوە (198م) بەرزە لە ئاستی ڕوی دەریاوە، هەتاوەکو بەرەو باکور بڕۆین زەوی ڕو لە بەرزی دەکات لە ئاستی ڕوی دەریاوە، تا لە بەشی باکور شارەکە لە چەماوەی بەردەسور بە بەرزی (261م) کۆتایی دیت (احمد، 2016، 13)، واتا بەشێوەیەکی گشتی دەشتاییە و تەختە، ئەم تایبەتمەندییە بوارێکی باشی ڕەخساندوە بۆ فراوانبونی شار و دروستکردنی پرۆژەکان و دامەزراوە ئاوەدانییەکان بە تێچونێکی کەمتر بەراورد بەناوچە شاخاویی و سەختەکان، کە پێویستییان بە بڕین و ڕێکخستن هەیە.

### 3-2-گەشەی دانیشتوان:

بریتییە لەو گۆڕانکارییانەی لە قەبارەی دانیشـــتواندا ڕودەدات، لە شـــوێنێک و لە ماوەی زەمەنی جیاوازدا زیاد بکات یان کەم بێت، زیادبونی ژمارەی دانیشـتوان هۆکارە بۆ زۆربونی پرۆژەکانی نیشـتەجێبون، لەبەرئەوەی زۆربونی ژمارەی دانیشـتوان دەبێتە هۆی زیادبونی خواست لەسەر یەکەکانی نیشتەجێبون، وەک لە خشتەی (3) دەردەکەوێت شاری کەلار بەردەوام لە گەشەی ئەرێنییدا بوە، سـەرەتا لە سـاڵی 2002 ژمارەی دانیشـتوان (90519) کەسـە دواتر لە سـاڵی 2009 دەگاتە (112297) کەس بە زیادبونی ڕەهای (21778) کەس و بەڕێژەی گەشـەی سـاڵانە (3،13%)، هەرچەندە داتا و زانیارییەکان ئاماژە بە دابەزینی ڕێژەی گەشـەی ساڵانەی دانیشتوان دەکەن بۆ (2،58%) لە هەرێمی کوردستان لە ساڵی 2023، بەڵام ژمارەی دانیشتوانی ناوچەی توێژینەوە دەگاتە (169850) کەس بە زیادبونی ڕەهای (57553) کەس زیاتر لە قۆناغی پێشتر و بەڕێژەی گەشەی ساڵانەی (3%).

ژمارەی دانیشـتوانی شـاری کەلار بەراورد بە ژمارەی دانیشـتوانی قەزا و شـارنشـینی قەزا بەردەوام لە گۆڕانکارییدا بوە، بە سـەرنج دان لە داتاکانی سـاڵی 2002 دانیشـتوانی ناوچەی لێکۆڵینەوە ڕێژەی (64%) کۆی دانیشـتوانی قەزا و (78%) کۆی شـارنشـینی قەزا پێکدەهێنێت، ئەم ڕێژانە لە سـاڵی 2009 لەسـەر ئاسـتی قەزا دەگۆڕێت بۆ ڕێژەی (68%) بەهۆکاری کۆچکردنی بەشێک لە دانیشتوانی قەزای کەلار بۆ زێدی باوباپیرانیان دوای ساڵی 2003 بۆ شارە کوردستانییەکانی سنوری مادەی (140) بە تایبەت شـاری خانەقین و کۆچکردنی بەشـێک لە گوندنشـینانی قەزاکە بۆ ناو شـاری کەلار و هاتنی دانیشـتوانی کوردی شـارەکانی ناوەڕاست و باشور، بەڵام بەراورد بە شـارنشـینی قەزا ڕێژەکە دابەزییە بۆ (72%) کۆی دانیشـتوانی شـارنشـینی قەزا لەبەر ئەوەی زۆرینەی ئەوانەی گەڕانەوە بۆ شـوێنی ڕەسـەنی خۆیان لە شـارە کوردسـتانییەکانی دەرەوەی هەرێم (بەتایبەت خانەقین) دانیشـتوی ناو شـاری کەلاربون. لە سـاڵی 2023 ژمارەی دانیشـتوانی شـار گەشـەی کردوە و ڕێژەکە بۆ هەردو حاڵەتەکە زیادی کردوە بە هۆکاری هاتنی ئاوەری شارەکانی ناوەڕاست و باشوری عێراق دوای سەرهەڵدانی شەڕی مەزهەبی و کۆنترۆڵکردنی هەندێک ناوچە لەلایەن داعشەوە و جێگیربونیان لە شارەکە، سەرەڕای کۆتایی هاتنی شەڕی داعش و باشتربونی دۆخی ناوچەکانیان، (خشتەی 4).

خشتەی (3) گەشەی ساڵانەی دانیشتوانی شاری کەلار لە ماوەی نێوان (2002-2023)

| ساڵ | ژمارەی دانیشتوان | زۆربونی ڕەها | ڕێژەی گەشەی ساڵانە % |
|---|---|---|---|
| 2002 | 90519 | - | - |
| 2009 | 112297 | 21778 | 3,13 |
| 2023 | 169850 | 57553 | 3 |
| 2002-2023 | - | 79331 | 3،04 |

سەرچاوە:کاری توێژەران پشتبەستن بە: -مديرية احصاء السليمانية، المؤشرات السكانية و البنى الارتكازية لأقليم كوردستان العراق لسنة 2002، بدون مطبعة، بدون سنة الطبع.

-حکومەتی هەرێمی کوردستان، وەزارەتی پلاندانان، بەڕێوەبەرایەتی ئاماری سلێمانی، ئەنجامی پرۆسەی گەمارۆسازی و ژمارەلێدان، 2009.

-بنار حسن محمد، پەرەپێدانی شارنشینی بەردەوام لە شاری کەلار، تێزی دکتۆرا، کۆلێجی زانستە مرۆڤایەتییەکان، زانکۆی سلێمانی، 2024، ل88.

-دابەزاندنی دانیشتوان (اسقاطات السكانية) دەرهێنراوە بە:

ڕێژەی گەشە×ژمارەی دانیشتوانی هەرساڵێک ÷100

ئەنجام + ژمارەی دانیشتوانی هەرساڵێک = ژمارەی پێشبینیکراوی دانیشتوان

(سەرچاوە: عبد علی الخفاف وعبدالمخور الريحاني، جغرافية السكان، مطبعة جامعة بصرة، بصرة، 1986، ص152).

شێوەی (1) گەشەی ساڵانەی دانیشتوانی شاری کەلار لە ماوەی نێوان (2002-2023)




سەرچاوە:کاری توێژەران پشتبەستن بە خشتەی (3).

**3-3-هۆکاری ئابوری:**

هەرێمی کوردستان لە ساڵی 2003 بەرەوپێشچونێکی بەرچاوی بەخۆوە بینیوە لە ئەنجامی ئەو برە پارانەی وەک بودجە لە بەغدادەوە دەهات و ڕەنگدانەوەی هەبوە لەسەر بەرزبونەوەی بەرکەوتەی تاک لە داهات، ئامارەکان ئاماژە بە بەرزبونەوەی تێکرای خەرجی مانگانەی تاک دەکەن لە پارێزگای سلێمانی (کە شاری کەلار یەکێک لە ناوەندە کارگێڕییەکانی پارێزگای سلێمانییە) لە (279000) دینار لە ساڵی 2007 بۆ (463000) دینار لە

خشتەی (4) گرنگیی ڕێژەیی دانیشتوانی شاری کەلار بەراورد بە دانیشتوان و شارنشینی قەزا لە ماوەی نێوان (2002-2023)

| ساڵ | ژمارەی دانیشتوانی قەزا | ژمارەی شارنشینی | ژمارەی دانیشتوانی شاری کەلار | ڕێژەی % دانیشتوان لە کۆی دانیشتوانی قەزا | ڕێژەی % شارنشینی لە کۆی شارنشینی قەزا |
|---|---|---|---|---|---|
| 2002 | 141086 | 115953 | 90519 | %64 | %78 |
| 2009 | 165177 | 155463 | 112297 | %68 | %72 |
| 2023 | 249845 | 235152 | 169850 | %68 | %72 |

سەرچاوە: کاری توێژەران پشتبەستن بە: -مديرية احصاء السليمانية، المؤشرات السكانية و البنى الارتكازية لأقليم كوردستان العراق لسنة 2002، بدون مطبعة، بدون سنة الطبع.

-حکومەتی هەرێمی کوردستان، وەزارەتی پلاندانان، بەڕێوەبەرایەتی ئاماری سلێمانی، ئەنجامی پرۆسەی گەمارۆسازی و ژمارەلێدانی ساڵی 2009، بە بێ ژمارەی لاپەڕە.

-حکومەتی هەرێمی کوردستان، وەزارەتی پلاندانان، بەڕێوەبەرایەتی ئاماری سلێمانی، ڕاپۆرتی ئاماری دیمۆگرافی پارێزگای سلێمانی و هەڵەبجە و ئیدارەکان، ل42.

-بنار حسن محمد، پەرەپێدانی شارنشینی بەردەوام لە شاری کەلار، تێزی دکتۆرا، کۆلێجی زانستە مرۆڤایەتییەکان، زانکۆی سلێمانی، 2024، ل88.

-پێشبینی دانیشتوان (اسقاطات السكانية) دەرهێنراوە بە هاوکێشەی خوارەوە پشتبەستن بەرێژەی گەشەی ساڵانە (3%):

ڕێژەی گەشە×ژمارەی دانیشتوانی هەرساڵێک ÷100

ئەنجام + ژمارەی دانیشتوانی هەرساڵێک = ژمارەی پێشبینیکراوی دانیشتوان

(سەرچاوە: عبد علی الخفاف وعبدالمخور الريحاني، جغرافية السكان، مطبعة جامعة بصرة، بصرة، 1986،ص152).

ساڵی 2012 و دواتر بۆ (183043) دینار لە ساڵی 2016 تا گەیشتە (234000) دینار لە ساڵی 2018، بەپێی داتاکانی ساڵی (2012) ناوەندی ساڵانەی تاک لە قەزای کەلار (440.3) دینارە، کە لە ڕیزبەنی سێیەمی سەر قەزاکانی پارێزگای سلێمانیی دێت و

تێکڕای بێکاری (15 ساڵ و بۆسەرەوە) دەکاتە(2،7) و نزمترینە لەسەر ئاستی قەزاکان (ئاماری سلێمانی، 2013، ب.ژ)، بە شێوەیەکی سروشتی زیادبونی خەرجی مانگانەی تاک بە واتای بەرزبونەوەی ئاستی بژێوییانە، کە پاڵنەری تاکەکانە بۆ گەیشتن یان تێرکردنی پێداویستی و ئارەزوە کەسییەکانیان، ئامانجی خاوەندارێتی یەکەی نیشتەجێبونی گونجاو و تەندروست لە پێشەنگی ئەو پێداویستیانەدایە، چونکە داهاتی کەم یەکێکە لە ئاستەنگە سەرەکییەکان لە دابینکردنی یەکەی نیشتەجێبون، چ خاوەندارێتی بێت یان بە کرێ، ئاستی بژێوی خێزان کاریگەریی لەسەر بڕی بودجەی تەرخانکراوە هەیە بۆ خانوبەرە و ئەگەری بەدەستهێنانی یەکەی نیشتەجێبون، لەبەرئەوەی کۆمپانیاکانی خانوبەرە پشتبەستن بە قیستی مانگانەی بەشداربوی پرۆژەکە کارەکانیان ئەنجام دەدەن، ڕەنگە کارەکانی پرۆژە ڕاوەستێت ئەگەر داهاتی خێزانەکان لە خوار ئاستێکی دیاریکراوی داهاتەوە بێت، هەندێک لە لێکۆڵینەوەکان گەیشتونەتە ئەو ئەنجامەی زیادبونی داهات بە ڕێژەی (2%) دەبێتە هۆی زیادبونی خواستی ڕاستەقینە لەسەر یەکەی نیشتەجێبون بە ڕێژەیەک لە نێوان (1.5 - 2%)، هەروەها پەیوەندییەک هەیە لە نێوان زیادبونی خواست و پێشبینی بەرزبونەوەی نرخی خانوبەرە و کرێ (سعدي واخرون، 1980، 191).

باشبونی ئاستی بژێوی لە دوای ساڵی ٢٠٠٣، بوە بەهۆی ئەوەی دانیشتوان بەدوای ژینگەی باشتر بۆ نیشتەجێبون بگەڕێن لە ڕێگەی ئەو جوڵەی نیشتەجێبونەوە، کە لە گەڕەکەکانی شار بەدی دەکرێت، بۆ گەڕان بەدوای یەکەی نیشتەجێبونی فراوان و تەندروستدا، کە پێداویستییەکانی خێزان و کەمکردنەوەی پلەی جەنجاڵی دابینبکات، کە لە پرۆژەکانی نیشتەجێبوندا بەدی دیکرێت. بەم پێیە بۆمان دەردەکەوێت، کە خێزانە کەم داهاتەکان لە بەشە کۆنەکانی شاردا لە خانوی بچوکدا دەژین، کە پلەی جەنجاڵییان بەرزە و زۆرێک لە بنەماکانی یەکەی تەندروستیان نییە، لە کاتێکدا خێزانە داهات بەرزەکان زیاتر لە گەڕەکە ئاست بەرزەکانی شاردا دەژین یان لە پرۆژەکانی نیشتەجێبون لە یەکەی نیشتەجێبونی فراوان و جواندا.

هەڵکەوتەی جوگرافی ناوچەی توێژینەوە لە ڕوی نزیکی لە مەرزی پەروێزخان (نزیکەی 4420 کەس وەک بازرگان و شۆفێر و کارمەند لە فەرمانگەکانی دەروازەی مەرزی پەروێزخان و کۆمپانیا و شوێنکارە جیاوازەکان کار دەکەن) (کریم، 2022، 29)، بونی شاری کەلار بە ناوەندێکی گرنگی دابینکردنی کالا و کەرەستەی جۆراوجۆری هاوردەکراو بۆ شارەکانی تری هەرێم و عێراق و دۆزینەوەی هەلی کار ئاستی داهاتی بەرزکردوەتەوە بەراورد بە قەزا و ناحیەکانی تری دەوروبەریی ئەمەش پاڵی بە دانیشتوانی ئەو ناوەندانەوە ناوە بۆ کۆچکردن بۆ ناو شاری کەلار بۆ گەڕان بەدوای داهاتی باشتر، ئەمەش - بە تێپەڕبونی کات - خواستێکی زیاتر بۆ خانوبەرە دروست دەکات. ئەم هۆکارە یەکێک بو لە هۆکارە سەرەکییەکانی زۆربونی خواست لەسەر پرۆژەکانی نیشتەجێبون، کە هۆکارەکان پێکەوە بە ئاوێتەیی زەمینەی سەرهەڵدان و زۆربونی پرۆژەکانی نیشتەجێبونیان لە شاری کەلار ڕەخساندوە.

### 3-4-ستراتیجی کەرتی گشتی:

ڕێکار و بڕیارەکانی حکومەت ڕۆڵی گەورەییان هەیە لە زۆربونی پرۆژەکانی نیشتەجێبون، دیاریکردنی شاری کەلار وەک ناوەندی ئیدارەی گەرمیان هۆکارێکی سەرەکی بو لە کردنەوەی چەندین بەڕێوەبەرایەتی گشتی و کۆبونەوەی دامودەزگاکانی دەوڵەت لەم شارەدا، کە ڕۆڵی هەیە لە زۆربونی خواست لەسەر نیشتەجێبون. سیاسەتی حکومەت بۆ دابینکردنی شوێنی نیشتەجێبون کارکردن بو لەسەر دابەشکردنی زەوی، بەڵام لە دوای دەکردنی یاسای وەبەرهێنان بە ژمارە (4) لە ساڵی 2006 ئەو کارئاسانی و هاندانانەی لە یاساکەدا هاتوە (وەزارەتی داد، 2006، 11)، کارکردن گۆڕا بۆ پشتبەستن بە کەرتی تایبەت لە دابینکردنی یەکەی نیشتەجێبون بۆ دانیشتوان لە ڕێگەی پرۆژەکانی نیشتەجێبونەوە، هەروەها کردنەوەی بەڕێوەبەرایەتی گشتی وەبەرهێنانی گەرمیان ڕۆڵی گەورەیان هەبو لە زۆربونی پرۆژەکانی نیشتەجێبون لە شاری کەلار.

4-شیکردنەوەی شوێنی بۆ دابەشبونی پرۆژەکانی نیشتەجێبون لە شاری کەلار بە بەکارهێنانی تەکنیکی GIS:

**4-1-ئاراستەکانی دابەشبونی پرۆژەکانی نیشتەجێبون:**

**4-1-1- دوری پێوانەیی (Standard Distance):**

دوری پێوانەیی لە شیکاری دابەشبونی شوێنییدا گرنگییەکی زۆری هەیە و هاوشێوەی پێوەری لادانی پێوانەییە، کە بەکاردێت بۆ پێوانەکردنی ڕادە و پلەی کۆبونەوەی دیاردەکان لە دابەشبونێکی شوێنییدا، ئەم پێوەرە سودی لێوەردەگیرێ بۆ کێشانی بازنەیەک بە بازنەی پێوانەیی ناسراوە، کە لە ئەنجامی جێبەجێکردنی ئەم پێوەرە زانیاریمان دەربارەی پلەی کۆبونەوە یان بڵاوبونەوەی دوری شوێنی دیاردەکان دەست دەکەوێت، هەرچەندە بەهای دوری پێوانەیی زیاتربێت هێندەی تر قەبارەی بازنەکە گەورەتر دەردەکەوێت، ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت کە دابەشبونی دیارەکە دابەشبونێکی پەرش وبڵاوە و پێچەوانەی ئەمەش ڕاستە (کریم و أحمد، 2019، 351). لە ئەنجامی جێبەجێکردی ئەم پێوەرە لەسەر پرۆژەکانی نیشتەجێبون لە شاری کەلار، دەرکەوت لە کۆی (22) پرۆژە (14) پرۆژە کەوتونەتە ناو بازنەی پێوانەیی، کە دەکاتە ڕێژەی (64%) کۆی پرۆژەکان، ئەمەش ئاماژەیە بۆ پەرش و بڵاوی دابەشبونەکە، بڕوانە (نەخشەی 3).

نەخشەی (3) دوری پێوانەیی و ئاراستەی دابەشبونی پرۆژەکانی نیشتەجێبون لە شاری کەلار لە ساڵی 2023




سەرچاوە: کاری توێژەران بە بەکارهێنانی (Arc Gis 10.8).

**4-1-2- ئارستەی دابەشبون (Directional Distribution):**

ئەم ئامرازە گوزارشت لە سروشتی ئاراستەی دابەشبونی دیاردەکە دەکات بەپێی ئاراستە جوگرافییە ناسراوەکان، بە شێوەی هێلکەیی دەربڕینی بۆ دەکرێت، کە سەنتەرەکەی هەمان خاڵی سەنتەری ناوەندییە،گەورەترین تەوەر لە ڕوی بەهاوە ئەو ئاراستەیە

دیاری دەکات، کە زۆربەی ڕەگەزەکانی دیاردەکە دەیگرنەبەر، دەتوانرێت بۆ هەمو جۆرە دیاردەیەک (خاڵ، هێڵ، ڕوبەر) بەکاربهێنرێت، بیرۆکەی ئاراستەی دابەشبون زۆر نزیکە لە دوری پێوانەییەوە، جیاوازییان لە بایەخدانی یەکەمە بە چڕبونەوەی ڕەگەزەکانی دیاردەکە و ئاراستەی دابەشبونی دیاردەکەوە، لەکاتێکدا دوەمیان کار لەسەر پلەی پەرشوبڵاوی و چڕبونەوە دەکات بە بەراورد لەگەڵ دوری پێوانەیی لە سەنتەرەوە(عبدالرحمن، 2014، 12).

دوای جیبەجێکردنی تەکنیکی ئاراستەی دابەشبون لە چوارچێوەی بەرنامەی (Arc Gis 10.8) لەسەر پرۆژەکانی نیشتەجێبون لە شاری کەلار گەیشتینە ئەو ئەنجامانەی لە خشتەی (5) و نەخشەی (3) هاتوە، وەک ڕونە ئاراستەی دابەشبونەکە شێوەی هێلکەیی وەرگرتوە، و ئاراستەکەی باشوری خۆرئاوا بۆ باکوری خۆرهەڵاتە بە بەهای سوڕانەوە (38,77) پلە، بەجۆرێک ڕێژەی (64%) پرۆژەکان دەکەوێتە ناو شێوە هێلکەییەکەوە، هۆکاری ئاراستەکەی پەیوەستە بە ئاراستەی فراوانبونی ناوچەی توێژینەوەوە.

خشتەی (5) بەهای ئاڕاستەی دابەشبونی پڕۆژەکانی نیشتەجێبون لەشاری کەلار لە ساڵی 2023

| بەهای (X) بەمەتر | بەهای (y) بەمەتر | بەهای سوڕانەوە | (٪) ئەو پرۆژانەی دەکەونە ناو شێوە هێلکەییەکەوە |
|---|---|---|---|
| 1396,26 | 2943,88 | 38,77 | 64 |

سەرچاوە: کاری توێژەران پشتبەستن بە زانیارییە بەدەستهاتوەکان لە جێبەجێکردنی ئاراستەی دابەشبون لە چوارچێوەی (Arc Gis 10.8).

### 4-2-شێوازی دابەشبونی پرۆژەکانی نیشتەجێبون:

پێوەری شیکاری نزیکترین دراوسێ لە گرنگترین شێوازە بڕییەکانی شیکردنەوەی شوێنییە لە دیاریکردنی شێوازی دابەشبونی دیاردە جوگرافییەکاندا بەکاردێت، پاش جێبەجێکردنی (Nearest Neighbor Analysis) لە چوارچێوەی ( spatial statistics tools) دەرکەوت شێوازی دابەشبونەکە بریتییە لە شێوازی پەرش وبڵاو، بەگوێرەی زانیارییە بەدەستهاتوەکان لە خشتەی (6) و شێوەی (2) بەهای (z-score) بۆ پرۆژەکانی نیشتەجێبون بریتییە لە (3.43)، ئەمە واتای ئەوەیە ئەم بەها دەکەوێتە دەرەوەی بەهای ڕەخنەیی (critical value)، لەسەر ئەم بنەمایە گریمانەی پرەنسیپی ڕت دەکەینەوە، لەبەرامبەردا گریمانەی شوێنگرەوە پەسەند دەکەین کە دەڵێت: (شێوازی دابەشبونی خاڵەکان شێوازێکی دیاریکراوە و پەیوەستە بە کاریگەری کۆمەڵێک هۆکاری تایبەتەوە)، واتا کابەشبونی پرۆژەکانی نیشتەجێبون بەو شێوازەی ئێستا ڕەنگدانەوەی هۆکارەکانی:

1-بونی ڕوبەری بەتاڵ لە هەندێک شوین لە بەشە کۆنەکانی شار.

2-ئەو ڕوبەرانەی دەکەونە بەشی باشور و باشوری ڕۆژئاوای ناوچەی توێژینەوە زەوی کشتوکاڵی و موڵکی تایبەتن و کاری سڕینەوە و گۆڕینی بەکارهێنانیان بۆ نیشتەجێبون ئاڵۆزە.

3-زەوییەکانی ڕۆژهەڵات و باکور و باکوری ڕۆژئاوا زەوی لەوەڕگە و زەوی کشتوکاڵین و جوتیارەکان بە گرێبەست کاری لەسەر دەکەن، هەربۆیە گۆڕینی بۆ نیشتەجێبون ڕیکارەکانی ئاسانترە.

لەئەنجامی شیکردنەوەکە دەرکەوت شێوازی دابەشبونی پرۆژەکانی نیشتەجێبون پەرش و بڵاوە، هەروەها بەهای شیکردنەوەی دراوسێیەتی گەیشتوەتە (1.40) ئەمەش ئاماژەیە بۆ ئەوەی شێوازی دابەشبونەکە شێوازێکی پەرش و بڵاوی دور لە یەکترە.

خشتەی (6) بەهای نزیکترین دراوسێ  بۆ پرۆژەکانی نیشتەجێبون لەشاری کەلار لە ساڵی 2023

| بەهای شیکاری | بەهای ( z- Score) | بەهای ( p- value) | گریمانەی پەسەندکراو |
| --- | --- | --- | --- |
| 1,40 | 3,43 | 0,0006 | پەرش و بڵاوە |

سەرچاوە: کاری توێژەران پشتبەستن بە: زانیارییە بەدەستهاتوەکان لە جێبەجێکردنی هاوکێشەی نزیکترین دراوسێ لە چوارچێوەی ( Arc Gis 10.8).

شێوەی (2) شێوازی دابەشبونی پرۆژەکانی نیشتەجێبون لەشاری کەلار لە ساڵی 2023




سەرچاوە: کاری توێژەران پشتبەستن بە: زانیارییە بەدەستهاتوەکان لە جێبەجێکردنی هاوکێشەی نزیکترین دراوسێ لە چوارچێوەی (Arc Gis 10.8).

## 5-هەڵسەنگاندنی پرۆژەکانی نیشتەجێبون لە شاری کەلار:

پرۆژەکانی نیشتەجێبون کاردەکەن بۆ کەمکردنەوەی تێچوی خزمەتگوزارییە گشتیەکان، وەک ڕێگاوبان و گەیاندنی خزمەتگوزاری بۆ تۆڕەکانی ئاو، ئاوەڕۆ، کارەبا، هێڵی تەلەفۆن و هتد، جگە لە بەرزکردنەوەی چڕی نیشتەجێبون، کە دەتوانین بەدەستی بهێنین بۆ ئەوەی بگەینە چوار هێندەی ژمارەکەی لەسەر هەمان زەوی، کە خاوەن یەکەکانی نیشتەجێبون تێیدا نیشتەجێن لە حاڵەتی دروستکردنی بینای نیشتەجێبون زیاتر لە نهۆمێک (الهيتي و الجنابي، 1983، 69). کۆمەڵێک نیشاندەر و ئاماژەی پلانسازی گرنگ هەیە بۆ هەڵسەنگاندنی پرۆژەکانی نیشتەجێبون، لێرەدا هەندێک لەو هەنگاوانە دەگرینەبەر بۆ هەڵسەنگاندنی پرۆژەکانی نیشتەجێبون لە ناوچەی توێژینەوە، جێی ئاماژەیە توێژینەوە هەڵسەنگاندنی بۆ ئەو پرۆژانە کردوە، کە دانیشتوانی تێدا نیشتەجێیە:

### 5-1- چڕی نیشتەجێبون و دانیشتوان:

لێکۆڵینەوە لە چڕی یەکێکە لە هەنگاوە گرنگەکانی توێژینەوەکانی نیشتەجێبون، لەبەرئەوەی بنەمای کۆنترۆڵکردنی پلاندانان و کلیلی تێگەیشتنە لە زۆرێک لە گۆڕاوە کۆمەڵایەتی و ئابورییەکان، هەروەها کاریگەریی ڕاستەوخۆی هەیە لەسەر توانستی نیشتەجێبونی پرۆژەکان، بۆ پێوانەکردنی چڕی لە پرۆژەکانی نیشتەجێبون لە ناوچەی توێژینەوە و بەراوردکردنی لەگەڵ پێوەرەکانی پلاندانانی نیشتەجێبونی شارەکان، لەبەرئەوەی یەکەکانی نیشتەجێبون لە پرۆژەکانی ناوچەی توێژینەوە لەسەر بنەمای قەبارەی خێزان دروستنەکراون، توێژینەوە قەبارەی خێزانی بە (5) کەس دیاریکردوە، لەبەرئەوەی لە شارەکانی عێراق بە هەرێمی کوردستانیشەوە ئەو خێزانانەی ژمارەی ئەندامەکانی (5) کەسە زۆرترینی خێزانەکان پێکدەهێنن (وزارة الاسكان، 2018، 23).

وەک لە خشـــتەی (7) دەردەکەوێت چڕی دانیشـــتوان و نیشـــتەجێبون لە تەواوی پڕۆژەکان لەچوارچێوەی پێوەرەکانی نیشتەجێبونی شارە، لەبەرئەوەی ڕوبەری زەوی پڕۆژەکان فراوانە بەراورد بە ژمارەی یەکەکان، بەگشتی هەوڵدراوە ڕێژەی (40%) ڕوبەری پڕۆژەکان بۆ سەوزایی تەرخان بکرێت (سۆران، 5/27/ 2024، ئەندازیار، شارەوانی کەلار).

**2-5- هەڵسەنگاندنی خزمەتگوزاری لە پڕۆژەکانی نیشتەجێبون لە شاری کەلار:**

پێشـتر ئاماژەمان پێدا لە تایبەتمەندی پڕۆژەکانی نیشـتەجێبون، ژینگەی پڕۆژەکان جیاوازە لە گەڕەکەکانی تری شـار لە ڕوی بونی خزمەتگوزارییە جیاوازەکان بەپێی ئەو پێوەرانەی ئاسودەیی و دڵنەوایی بۆ دانیشتوانەکەی فەراهام دەکات، ئەوەی تێبینی دەکرێت لە پڕۆژەکانی ناوچەی توێژینەوە وەک لە خشتەی (8) هاتوە، لە ڕوی ڕوبەرەوە:

1-ڕوبەری تەرخانکراو بۆ خزمەتگوزاریی (فێرکاری، تەندروستی، بازرگانی، خۆشگوزەرانی، ئاینی) لە پڕۆژەی (هێلان ستی) زیاترە بەراورد بە ئەوەی لە پێوەرەکان دیاری کراوە.

خشتەی (7) چڕی گشتی لە پڕۆژەکانی نیشتەجێبون لە شاری کەلار لەساڵ 2023

| ناوی پڕۆژە | ڕوبەری پڕۆژە/ هێکتار | ژمارەی یەکە | چڕی گشتی یەکە/ هێکتار | چڕی گشتی دانیشتوان/ هێکتار |
|---|---|---|---|---|
| دریم لاند1 | 13,2 | 186 | 14 | 70 |
| هێلان ستی | 55,8 | 955 | 17 | 86 |
| تابلۆ | 52,6 | 1385 | 26 | 132 |
| لانە ستی | 23,1 | 440 | 19 | 95 |
| بان ستی | 35 | 810 | 23 | 116 |
| پێوەرەکانی پلاندانان بۆ یەکەیەک ڕوبەرەکەی 120-200م$^2$ | - | | 54-26 | 290-160 |

سەرچاوە: کاری توێژەران پشتبەستن بە: 1-سەردانی مەیدانی.

2-دائرة الاسكان، معايير الاسكان الحضري و الريفي في العراق، الباب الرابع، جدول رقم (4-1-3)، 2018، ص17.

3-سەرۆکایەتی شارەوانی کەلار، هۆبەی نەخشەدانان، ڕوبەری گەڕەکەکانی شاری کەلار، 2024.

2-کورتهێنان هەیە لە ڕوبەری تەرخانکراو بۆ خزمەتگوزاریی (فێرکاری، تەندروســـتی، ئاینی) لە پڕۆژەی (شـــاری تابلۆ)، پێشـــتر پڕۆژەکە بریتیی بو لە (1008) یەکە، بەڵام ئێستا (388) یەکەی نوێ لە قۆناغی دروستکردن دایە، کە لە ساڵی 2023 دەستیپێکرد، هەروەها بڕیارە چوار باڵەخانەی تری نیشتەجێبون دروست بکرێت.

3-ڕوبەری تەرخانکراو بۆ خزمەتگوزاریی کۆمەڵگەیی لە پڕۆژەی (لانە ستی) گونجاوە لەگەڵ پێوەرەکاندا.

4-لە پڕۆژەی (بان ســـتی) کورتهێنان لە ڕوبەری تەرخانکراو بۆ خزمەتگوزاریی فێرکاری هەیە، هەروەها هیچ ڕوبەرێک بۆ خزمەتگوزاریی ئاینی تەرخان نەکراوە.

خشتەی (8) هەڵسەنگاندنی ڕووبەری خزمەتگوزاریی کۆمەڵگەیی (هێکتار) لە پڕۆژەکانی نیشتەجێبون لە شاری کەلار لە ساڵی 2023

| پرۆژە | فێرکاری | | تەندروستی | | بازرگانی | | خۆشگوزەرانی | | ئاینی | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | پرۆژە | پێوەر | پرۆژە | پێوەر | پرۆژە | پێوەر | پرۆژە | پێوەر | پرۆژە | پێوەر |
| دریم لاند1 | – | – | – | – | 0,38 | | | | – | |
| هێلان ستی | 2,9167 | 1,4347 | 0,096 | 0,0764 | 0,4257 | 0,197 | 7,1557 | 1,504 | 0,4086 | 0,1433 |
| تابلۆ | 1,74 | 2,6977 | 0,072 | 0,1108 | 0,85 | 0,3809 | 6,461 | 2,1821 | 0,153 | 0,2078 |
| لانە ستی | 0,8699 | 0,56 | – | – | 0,379 | 0,072 | 3,6448 | 0,5915 | – | |
| بان ستی | 1,0669 | 1,6497 | 0,2021 | 0,0648 | 0,3554 | 0,1671 | 6,8395 | 1,2749 | – | 0,1215 |

سەرچاوە: کاری توێژەران پشتبەستن بە: 1- سەرۆکایەتی شارەوانی کەلار، هۆبەی هونەریی، زانیاری لەسەر ڕووبەری بەکارهێنانی زەوی، داتای بڵاونەکراوە، 2024.
2-خشتەی (1).

جگە لە بابەتی ڕووبەری زەوی تەرخانکراو بۆ خزمەتگوزارییەکان لە پلانی پڕۆژەکاندا ژمارەی دامەزراوە خزمەتگوزارییەکان بەو شێوەی لە خشتەی (9) هاتوە دیاریکراوە، ئەگەر بەراوردی ئەو ژمارە لەگەڵ ئەوەی پێویستە هەبێت بەپێی پێوەرەکان لەسەر بنەمای ژمارەی یەکە و دانیشتوانی پێشبینیکراو، دەکرێت ئەم سەرنجانە بخەینەڕو:

1-بەپێی قەبارەی پڕۆژەی (دریم لاند1) پڕۆژەکە دامەزراوەی خزمەتگوزاری فێرکاری و تەندروستی و ئاینی تێدا بەردەست نییە، هەروەها خزمەتگوزاری بازرگانی پێویست بەردەستە، بەڵام پێویستی بە ڕوبەرێکی زیاتر هەیە بۆ یاریگای منداڵان و پارکی پێویست بۆ حەوانەوەی دانیشتوانەکەی لە هەمو تەمەنەکان، ئەمە و لە ئێستادا پڕۆژەکە فراوان دەکرێت بەناوی (دریم لاند2)، کە بریتییە لە دو باڵەخانە و (240) یەکەی نیشتەجێبونی ستونی لەخۆدەگرێت، بەو شێوەی قەبارەی هەردو پڕۆژەکە هێندەی گەڕەکێک دەبێت و پێویستە دایەنگە، باخچەی منداڵان، قوتابخانەی بنەڕەتی، بازاڕی گەڕەک، باخچەی گەڕەک، یاریگای منداڵان و ڕوبەری کراوەی پێویستی بۆ دابین بکرێت.

2-پڕۆژەی هێلان ستی پێویستی بە دایەنگە و یاریگای منداڵانە بۆ تەمەنی (1-5) ساڵ و یاریگای منداڵان (6-11) ساڵ و یاریگای وەرزشی و باخچە بۆ حەوانەوەی دانیشتوان لە هەمو تەمەنەکان.

3-پڕۆژەی (شاری تابلۆ) دامەزراوەی خزمەتگوزاری پێویستی هەیە، لە ئێستادا لە دامەزراوە فێرکارییەکان تەنها دایەنگە و باخچەی منداڵان (تا ئەمساڵی خوێندن دەوامیان تیدا نەکراوە) و یەک قوتابخانەی بنەڕەتی تەواوکراوە (بەهۆی زۆری ژمارەی قوتابی دو دەوامییە)، هەروەها بنکە تەندروستییەکە زۆر سەرەتاییە و لە خزمەت دانیشتوانی پڕۆژەکەدا نیە، بەڵکو کاری پشکنینی چاو و لیژنەی پزیشکی گەرمیانی تێدا ڕادەپەڕێندرێت، و باخچە و یاریگا هیچیان دروستنەکراون.

خشتەی (9) پێکهاتەی خزمەتگوزاری پرۆژەکانی نیشتەجێبونی ستونی لە شاری کەلار لە ساڵی 2024

| پرۆژە | فێرکاری | تەندروستی | بازرگانی | خۆشگوزەرانی | ئاینی |
|---|---|---|---|---|---|
| دریم لاند1 | – | – | مۆڵ | 1 باخچە | – |

| | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|
| هێلان ستی | 2 باخچەی منداڵان، 2 ق.بنەڕەتی، 1خ.ئامادەیی | 1 | مۆڵ، بازاڕی گەڕەک | - | مزگەوت |
| تابلۆ | 2 دایەنگە، 2 باخچەی منداڵان، 3 قوتابخانە | 1 | 2 ناوچەی بازرگانی | 3 یاریگا | مزگەوت |
| لانە ستی | 1 دایەنگا، 1باخچەی منداڵان، 1ق.بنەڕەتی | 1 | مۆڵ | هۆڵی وەرزش | - |
| بان ستی | 1 باخچەی منداڵان، 1قوتابخانە | 1 | مۆڵ | یاریگا و هۆڵی وەرزش | - |

سەرچاوە: کاری توێژەران پشتبەستن بە: -بەڕێوەبەرایەتی گشتی وەبەرهێنانی گەرمیان، بەڕێوەبەرایەتی ئامار و زانیاری، زانیاری دەربارەی پرۆژەکانی نیشتەجێبون، بڵاونەکراوە، 2024.

4-پرۆژەی (لانە ستی)، جگە لە مزگەوتێک، کە لەلایەن دانیشتوانەوە دروست کراوە هیچ لە خزمەتگوزارییە کۆمەڵگەییەکانی دروستنەکراوە.

5-پرۆژەی نیشتەجێبونی (بان ستی) لە ئێستادا باخچە و قوتابخانەکەی تەواوکراوە (بەهۆی زۆری ژمارەی قوتابی دو دەوامییە)، بەڵام پێویستی بە (دایەنگە، و قوتابخانەیەکی بنەڕتی و خوێندنگەی ئامادەیی) هەیە، هەروەها تائێستا بنکەی تەندروستی نەکەوتوەتە خزمەت دانیشتوانی پرۆژەکە، جگە لەوانەش هێشتا یاریگای منداڵان و یاریگا و هۆڵی وەرزش دروست نەکراوە.

**3-5 پرۆژەکانی نیشتەجێبون بەپێی قەبارەیان:**

هەڵسەنگاندنی دۆخی پرۆژەکانی نیشتەجێبون و بەراوردکردنیان لەگەڵ بەشە پێکهێنەرەکانی شار بابەتێکی گرنگە و بەرچاوڕونیمان لەسەر دۆخی پلانسازی پرۆژەکان و پابەندبون بە یەکە جیاوازەکانی شار پێدەدات، کە ڕەنگدانەوەی هەیە لەسەر دابینکردنی ژینگەیەکی تەندروست و ئاسودەبونی دانیشتوان، ئەوەی تێبینی دەکرێت (18%) پرۆژەکان لە ئاستی گەڕەکە و (9%) هاوشێوەی ناوچەی نیشتەجێبونە و ئەوەی دەمێنێتەوە و دەکاتە (73%) پرۆژەکان هەڕەمەکیە و لەدەرەوەی پێوەرەکانە (بڕوانە خشتەی 10)، ئەم دۆخە شڵەژان لە پێشکەشکردنی خزمەتگوزارییەکان و ژینگەیەکی نەگونجاوی بەدوای خۆیدا هێناوە لەگەڵ ئاسودەی دانیشتوان یەکناگرێتەوە.

خشتەی (10) دابەشبونی پرۆژەکانی نیشتەجێبونی ستونی بەپێی قەبارەیان لە شاری کەلار لە ساڵی 2023

| جۆری ناوچەی نیشتەجێبون | پرۆژە | ژمارەی یەکە | شوێن |
|---|---|---|---|
| گەڕەک (400-600) یەکە | لانە ستی | 440 | گەڕەکی سەربەخۆ |
| | شاری سەوز | 566 | گەڕکی سەربەخۆ |
| | ڕۆیاڵ ستی | 449 | گەڕکی سەربەخۆ |
| | جاف ستی | 500 | گەڕەکی سەربەخۆ |
| ناوچەی نیشتەجێبون (1600-2400) | گەرمیان ستی2 | 1750 | گەڕەکی سەربەخۆ |
| | مامۆستایان | 2060 | گەڕەکی سەربەخۆ |

| | | | |
|---|---|---|---|
| لە دەرەوەی پێوەر | دریم لاند1 | 186 | گەڕکی سەربەخۆ |
| | گەرمیان ستی1 | 293 | گەڕەکی سەربەخۆ |
| | هێلان ستی | 955 | گەڕکی سەربەخۆ |
| | تابلۆی نوێ (فراوانکردن) | 1385 | گەڕەکی سەربەخۆ |
| | بان ستی | 810 | گەڕەکی سەربەخۆ |
| | فەرمانبەران | 2834 | گەڕکی سەربەخۆ |
| | شەم ستی | 389 | گەڕەکی سەربەخۆ |
| | نۆژین ستی2 | 88 | گەڕەکی سەربەخۆ |
| | نۆژین ستی3 | 162 | لەگەڵ نەوژین ستی2 |
| | دەروازەی کەلار | 5531 | گەڕەکی سەربەخۆ |
| | مارینا | 1033 | گەڕکی سەربەخۆ |
| | کەناری سیروان | 328 | گەڕکی سەربەخۆ |
| | دریم لاند3 | 1472 | گەڕەکی سەربەخۆ |
| | هیوا ستی | 1070 | گەڕەکی سەربەخۆ |
| | شادی ستی | 835 | گەڕکی سەربەخۆ |
| | دریم لاند2 | 240 | لەگەڵ دریم لاند1 |

سەرچاوە: کاری توێژەر پشتبەستن بە: 1-بەڕێوەبەرایەتی گشتی وەبەرهێنانی گەرمیان، بەڕێوەبەرایەتی ئامار و زانیاری، زانیاری دەربارەی پرۆژەکانی نیشتەجێبون، بڵاونەکراوە، 2024. 2-سەرۆکایەتی شارەوانی کەلار، هۆبەی GIS، نەخشەی گەڕەکەکانی شاری کەلار، 2024.

## 6-ڕۆڵی پرۆژەکانی نیشتەجێبون لە چارەسەرکردنی کێشەی کورتهێنانی نیشتەجێبون لە شاری کەلار:

مەبەست لە کورتهێنانی نیشتەجێبون، نەبونی یەکسانی نێوان ژمارەی خێزانەکان و ئەو یەکە نیشتەجێبونانەیە، کە بۆ نیشتەجێبون لە ماوەی دیاریکراودا داگیری دەکەن، بنەمای ئەو کێشە ئەنجامی زیادبونی ژمارەی دانیشتوان و خێزانەکان تا ڕادەیەکی زیاتر لە زیادبونی ژمارەی خانوبەرە، جا بەهۆی کۆچەوە بێت یان بەهۆی زیادبونی سروشتییەوە، پەیوەندییەکی ڕاستەوخۆ هەیە لە نێوان زیادبونی ژمارەی خێزانەکان و خواست لەسەر خانوبەرە، هەرچەندە ژمارەی خێزانەکان زیاتر بێت، خواست لەسەر خانوبەرە زیاتر دەبێت، بەبێ گوێدانە ئەوەی ئەم زیادبونە سروشتییە یان میکانیکی (السعدي و اخرون، 1980، 68).

بۆ زانینی بڕی کورتهێنانی نیشتەجێبون لە شاری کەلار (بڕوانە خشتەی 11)، ئەگەر بگەڕێینەوە بۆ دواوە وەک لە سەرژمێری ساڵی 1977 هاتوە کورتهێنانی نیشتەجێبون (399) یەکەیە بە ڕێژەی (27.4%)، لە سەرژمێری ساڵی 1987 ژمارەکە گەیشتە (2564) یەکە و بەڕێژەی (26%)، وەک دەردەکەوێت ڕێژەی کورتهێنان بەهۆی گەشەی نائاسایی دانیشتوانەوە وەکو خۆی ماوەتەوە، هەرچەندە لەو ماوەدا حکومەت دو پرۆژەی نیشتەجێبونی دروستکردوە نزیکەی (1000) یەکەی نیشتەجێبون لەخۆ دەگرێت، جگە لە دابەشکردنی ژمارەیەکی بەرچاو زەوی لە گەڕەکی (حي البعث)، کە گەڕەگی شۆڕش و ڕاپەڕینی ئێستا دەکات (وزارة التخطيط، 1987،17).

ساڵی 2002 کورتهێنانی نیشتەجێبون (1627) یەکە و ڕێژەکەی (10%) ئەمەش کەمترە بەراورد بە قۆناغی پێشتر، دەکرێت هۆکارەکەی بۆ دروستبونی ژمارەیەکی زۆر یەکەی نیشتەجێبونی هەرەمەکی بگەڕێنینەوە لە ماوەی نێوان 1991-2002 بە ناوەکانی (حەی مانگا، گەڕەکی حەمرین -مەتارەکە-، گەڕکی ئازادی، گەڕەکی سیروان، بەشێک لە گەڕەکی شێروانە) (احمد، 2016، 93).

ئەوەی تێبینی دەکرێت لە ساڵی 2009 سەرەڕای دابەشکردنی هەزاران پارچە زەوی و دروستبونی چەندین گەڕەکی نوێ لەوانە (شەهیدان، شارەوانی، جوتیاران، ئەندازیاران، ئاوارەکان....هتد)، بەڵام ڕێژەی کورتهێنانی نیشتەجێبون زیاتر بوە بۆ (15%) و ژمارەی یەکەی پێویست بۆ پڕکردنەوەی پێویستی دانیشتوان 3341 یەکەی نیشتەجێبونە، دیارە زیاتر لە هۆکارێک کاریگەرییان لەسەر ئەو دۆخە هەبوە، لەوانە کۆچکردنی ژمارەیەکی زۆر لە خێزانە کوردەکانی نیشتەجێی لە شارەکانی ناوەڕاست و باشوری عێراق بەهۆکاری خراپی دۆخی ئاسایش و نیشتەجێبونیان لە شاری کەلار، لەگەڵ ئەوەشدا بچوکبونەوەی قەبارەی خێزان و ئارەزوی خێزانە تازەکان بۆ سەربەخۆیی و نیشتەجێبون لەیەکەی تایبەت بەخۆیان، چ وەک خاوەنداریێتی یان کرێ لە هۆکارەکانی ئەو کورتهێنانەیە.

پشت بەستن بە داتا و زانیاری توێژینەوە زانستییەکان ئاراستەی قەبارەی خێزان بەرەو بچوکبونەوە دەڕوات، هەربۆیە قەبارەی خێزان بە (4،9) کەس دیاریکراوە لە کۆتا ساڵی ماوەی توێژینەوە، هەروەها داتاکانی تایبەت بە ژمارەی خێزان و یەکەی نیشتەجێبون ئاماژە بۆ بونی (34663) خێزان و (32498) یەکەی نیشتەجێبون دەکەن و کورتهێنانی نیشتەجێبون دابەزی بۆ (6%)، کە پڕۆژەکانی وەبەرهێنان (3244) یەکەی نیشتەجێبونی بۆ کۆی یەکەکانی نیشتەجێبونی شاری زیاد کردوە، هەروەها ئەگەر هەردو پڕۆژەی (بەهەشتی مامۆستایان و فەرمانبەران) لە ماوەی دیاریکراودا تەواوبکرایە ئێستا کێشەی کورتهێنانی نیشتەجێبون نەبو لە ناوچەی توێژینەوە، یەکێک لە بابەتە گرنگەکان دەبێت کاری لەسەر بکرێت تەواوکردنی پڕۆژەکانە لە کاتی دیاریکراودا، کەوا ئەو پڕۆژانەی لە ئێستادا چونەتە بواری جێبەجێکردن ئەگەر لە ماوەی زەمەنی دیاریکراو بۆ جێبەجێکردنیان، دروست بکرێن لە ساڵانی داهاتودا دەتوانرێت هاوتەریب لەگەڵ گەشەی دانیشتوان پێویستی نیشتەجێبونیان دابین بکرێت، سەرەڕای نزیکبونەوە لە چارەسەرکردنی کێشەی کورتهێنانی نیشتەجێبون، بەڵام نزیکەی (14%) خێزانەکانی ناوچەی توێژینەوە کرێنشینن و خاوەن یەکەی تایبەت بەخۆیان نین، ئەمەش بەهۆکاری تێچونی دروستکردن و گرانی نرخی یەکەی پڕۆژەکانی وەبەرهێنان، کە لە توانای چینی هەژار و کەم دەرامەتدا نیە، بۆیە هاوتەریب لەگەڵ ئەو پڕۆژانە دەبێت بەڕێوەبەرایەتی ئاوەدانکردنەوە و نیشتەجێبونی گەرمیان و فەرمانگە پەیوەندیدارەکانی تر لەسەربنەمای یاسای ژمارە (7) ساڵی 2008 تایبەت بە دابینکردنی یەکەی نیشتەجێبون بۆ خێزانی هەژار و کەم دەرامەت یەکەی پێویست دابین بکەن.

خشتەی (11) زانیاری دەربارەی ژمارە و قەبارەی خێزان و ژمارەی یەکە و کورتهێنانی نیشتەجێبون لە شاری کەلار لە ساڵی 1977- 2023

| ساڵ | ژمارەی دانیشتوان | ژمارەی خێزان | قەباری خێزان | ژمارەی یەکە | بڕی کورتهێنان | ڕێژەی % |
|---|---|---|---|---|---|---|
| 1977 | 9177 | 1457 | 6،3 | 1058 | 399 | %27،4 |
| 1987 | 62845 | 9860 | 6،4 | 7296 | 2564 | %26 |
| 2002 | 90519 | 16144 | 5،6 | 14517 | 1627 | %10 |
| 2009 | 112297 | 22496 | 5 | 19155 | 3341 | %15 |

| | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|
| 2023 | 169850 | 34663 | 4.9 | 32498 | 2165 | %6 |

سەرچاوە: کاری توێژەر پشتبەستن بە:-الجمهورية العراقية، وزارة التخطيط، الجهاز المركزي للاحصاء، نتائج ترقيم المباني و حصر السكان لسنة 1977 لمحافظة السليمانية، ص4.

-الجمهورية العراقية، وزارة التخطيط، الجهاز المركزي للاحصاء، نتائج ترقيم المباني و حصر السكان لسنة 1987 لمحافظة السليمانية، ص17.

--مديرية احصاء السليمانية، المؤشرات السكانية و البنى الارتكازية لأقليم كوردستان العراق لسنة 2002، بدون مطبعة، بدون سنة الطبع. سلێمانی، کۆلێجی زانستە مرۆڤایەتییەکان، 2024، ل88.

-بەڕێوەبەرایەتی ئاماری سلێمانی، ئەنجامی پرۆسەی گەمارۆسازی و ژمارەلێدانی ساڵی 2009، بەبێ ژمارەی لاپەڕە.

- سەرۆکایەتی شارەوانی کەلار، هۆبەی GIS، ژمارەی یەکەی نیشتەجێبون لە ساڵی 2023، بڵاونەکراوە.

-سەرۆکایەتی شارەوانی کەلار، هۆبەی مۆڵەتی بینا، زانیاری دەربارەی مۆڵەتی بینای نیشتەجێبون لە ساڵی 2023، بڵاونەکراوە.

-بەڕێوەبەرایەتی گشتی وەبەرهێنانی گەرمیان، بەڕێوەبەرایەتی ئامار و زانیاری، زانیاری دەربارەی پرۆژەکانی نیشتەجێبون، بڵاونەکراوە، 2024.

- محمد، بنار حسن، (2024) پەرەپێدانی شارنشینی بەردەوام لە شاری کەلار، تێزی دکتۆرا، کۆلێجی زانستە مرۆڤایەتییەکان، زانکۆی سلێمانی.

**ئەنجام:**

1-ژمارەی پرۆژەکانی نیشتەجێبون، کە دروستکراون و ئەوانەشی لە قۆناغی جێبەجێکردندان بە ڕێژەی جیاواز لە ساڵی (2023)، (22) پرۆژەیە لەسەر ڕوبەری زیاتر لە (10161) هێکتار دروستکراون و (23376) یەکە لەخۆدەگرێت، لە کۆی پرۆژەکان ڕێژەی (91%) گەڕەکی سەربەخۆیە، هەروەها (72%) دەکەونە باکور و باکوری ناوچەی توێژینەوە، ڕێژەی (73%) پرۆژەکان تەنها یەکەی ئاسۆیی لەخۆ دەگرێت.

2-پێشێلکاریی لەناو هەندێک لە پرۆژەکان کاری کردوەتە سەر ژینگەی نیشتەجێبون، بەتایبەت لە داگیرکردنی ڕوبەری تەرخانکراو بۆ سەوزایی لەلایەن هەندێک لە خێزانەکانی نیشتەجێبوی پرۆژەکان و بەکارهێنانی بۆ بەرژەوەندی خۆیان چ وەک ڕوبەری سەوزایی یان بۆ چاندنی سەوزەوات و بەخێوکردنی پەلەوەر.

3-هەندێک لە پرۆژەکان هێشتا بەدەست کۆمەڵێک کێشەوە دەناڵێنێت، لەوانە کێشەی دابینکردنی ئاوی خواردنەوە، دابینکردنی وزەی کارەبا، کە بڕی دابینکراو هاوتەریب نیە لەگەڵ ژمارەی دانیشتوان و خواست بەپێی وەرزەکانی ساڵ.

4-سەرەڕای گرانی نرخی یەکەی نیشتەجێبون لە پرۆژەکان، بەڵام بەشێک لە پرۆژەکان ژینگەیەکی ئارام و هێمنی بۆ دانیشتوانەکەی فەراهەم کردوە، بۆیە خواستی دانیشتوانی شاری لەسەرە.

5-پرۆژەکانی نیشتەجێبون بودجەی حکومەت ڕزگار دەکات لە تەرخانکردن بۆ تێچوی دابینکردنی خزمەتگوزارییە گشتیەکان، وەک ڕێگاوبان و گەیاندنی خزمەتگوزاری تۆڕەکانی ئاو، ئاوەڕۆ، کارەبا، جگە لە بەرزکردنەوەی چڕی نیشتەجێبون، کە دەتوانین بەدەستی بهێنین بۆ ئەوەی بگەینە چوار هێندەی ژمارەکەی لەسەر هەمان زەوی، کە خاوەن یەکەکانی نیشتەجێبون تێیدا نیشتەجێن لە حاڵەتی دروستکردنی بینای نیشتەجێبون زیاتر لە نهۆمێک.

6-دانیشتوان وەبەرهێنان لەبواری نیشتەجێبون بە هەلێکی باش و دور لە مەترسی دەزانن لەسەر سامانەکانیان، هەرئەمەش وایکردوە سەرمایەدارەکان بەپێی سەرمایەکانیان چەندین یەکە لە پرۆژەکانی نیشتەجێبون بکڕن و دواتر لەگەڵ بەرزبونەوەی نرخەکانیان لە بازاڕی خانوبەرەدا بیفرۆشنەوە.

7-یاسای وەبەرهێنان هیچ برگە و مادەیەکی تێدانیە بۆ وەرگرتن دوای تەواوبونی پرۆژەکان، بەڵکو ڕاستەوخۆ بەشداربوانی پرۆژە یەکەکانیان وەردەگرن، کە ئەمەش هۆکارێکە بۆ بونی کەموکورتی زۆر لە تەواوکردنی پرۆژەکاندا.

8-کورتهێنانی نیشتەجێبون گەیشتوەتە (6%) لە ساڵی (2023)، یەکێک لە هۆکارەکانی دواکەتنی تەواوبونی پرۆژەکانی نیشتەجێبونە لە کاتی خۆیدا، هەروەها سەرەڕای ئەو ژمارە پرۆژەی ئەنجام دراوە کێشەی کرێنشین بەتەواوی چارەسەر نەکراوە و ڕێژەی (14%) خێزانەکان خاوەن یەکەی تایبەت بەخۆیان نین، لەبەرئەوەی هەمو خێزانەکان توانای بەشداری کردنیان لە پرۆژەکانی وەبەرهێنان نیە بەهۆی گرانی نرخی یەکەکان.

7-زانیاری دروست و نوێ و هەمەلایەنە بە یەکێک لە بناغە هەرە گرنگەکان دادەنرێت بۆ ئەنجامدانی هەر توێژینەوەیەک پێش ئەوەی بڕیار بدرێت بۆ بەشداریکردن لە کاری پەرەپێدان بۆ هەر پرۆژەیەک، لە زۆربەی ئەو فەرمانگانەی توێژەران سەردانیان کردوە، بەدەستهێنانی زانیاری ورد، ئاسان نەبوە، ئەمە جگە لەوەی داتا و زانیارییەکان نەبوە یان گشتگیر بوە و ڕێکخستن و نوێکردنەوەی تێدا نەبوە. بۆ هەندێک بابەت زانیارییەکان بە هیچ شێوەیەک لەبەردەستدا نەبون، ئەمەش پێویستی بە هەوڵ و کات و هەنگاوی زیاتر بو بۆ کۆکردنەوە و ڕێکخستنی.

**ڕاسپاردە:**

1-باشترکردنی ژینگەی نیشتەجێبون لە پرۆژەکان و پەرەپێدانی خزمەتگوزارییە سەرەکییەکانی، پرۆسەی باشترکردنی ژینگەی پرۆژەکان یەکێکە لە بابەتە پێویست و بنەڕەتییەکان، لەڕێگەی تەواوکردنی خزمەتگوزاریی خۆشگوزەرانی، تەندروستی و فێرکاری، ڕێکخستنی شەقامەکان، دوبارە ڕوپۆشکردنەوە، ڕوناککردنەوەی شەقامەکان، دابینکردنی ئاسایش و سەلامەتی، وەستاندنی دەستدرێژیکردنە سەر ناوچەی کراوە و ڕوبەری تەرخانکراو بۆ سەوزکردن لە پرۆژەکان.

2-بەدواداچون و چاودێریکردنی قۆناغەکانی جێبەجێکردنی پرۆژەکانی نیشتەجێبون بەپێی ئەو ماوە زەمەنییانەی دیاری کراوە بۆ جێبەجێکردن، بەدواداچون و گرتنەبەری ڕێکاری پێویست بەرامبەر لایەنی کەمتەرخەم لە دواکەوتنی ئیش و کاری هەندێک لە پرۆژەکان.

3-بەڕێوەبەرایەتی وەبەرهێنان ڕۆڵی هەبێت لە دارشتنی ناوەڕۆکی گرێبەستی فرۆشتنی یەکەکان بۆ ئەوەی مافی بەشداربوان پارێزراو بێت و پرۆژەکان نەبنە هۆی زیادکردنی کێشەکانی شار، بەڵکو پرۆژەی پەرەپێدانی شاربن.

4-ئامادەکردنی ماستەرپلان بۆ شارەکە لە ژێر ڕۆشنایی پێشهاتەکان، ڕونکردنەوەی توانا و دەرفەتەکانی گەشەپێدان بۆ کەرتە ئابورییە جیاوازەکان، و دروستکردنی بنکەی زانیاری لەسەر داتای دانیشتوان، چالاکییەکان، بەکارهێنانی زەوی، ژێرخانی ئابوری و دروستکردنی ئەم سیستەمە زانیاریانە لەبەردەستی کەرتی تایبەت و توێژەراندابن بەجۆرێک، کە بنەمایەکی بنەڕەتی بۆ هاوکاری وەبەرهێنان و کەمکردنەوەی ئاستەنگەکان و خێرایی بڕیاردان پێکبهێنن.

5-جێبەجێکردنی یاسای ژمارە (7) ی ساڵی (2008) و هەموار و ڕێنماییەکانی پەیوەست بەم یاسایە بۆ چارەسەرکردنی کێشەی نیشتەجێبون، کە تایبەتە بە دابینکردنی یەکەی نیشتەجێبون بۆ دانیشتوانی هەرێمی کوردستان و دابینکردنی بودجەی ساڵانە بۆ سندوقی نیشتەجێکردن و پێدانی قەرز بە بڕی گونجاو لەگەڵ دۆخی ئێستای بازاڕ و نەرمی نواندن لە کەمکردنەوەی نرخی سود و بڕی قیستی مانگانە و درێژکردنەوەی ماوەی وەرگرتنەوەی قەرز، واتا فراوانکردنی پرۆسەی پارەدارکردنی پرۆژەکانی و پێدانی قەرز بە دانیشتوان، چ لە ڕێگەی کەرتی گشتییەوە بێت، یاخود کەرتی تایبەت.

# Geographical Analysis of Residential Projects and their Impact on Solving Residential Issues in Kalar City

**Kamaran Mohammed Tawfiq[1] - Shamal Ali Marif Aziz[2]**

[1]Department of Social Sciences, College of Basic Education, Garmian University, Kalar, Kurdistan Region, Iraq.
[2]Department of Tourism, College of Commerce, Sulaimani University, Sulaimani, Kurdistan Region, Iraq.

## Abstract

Residential projects with necessary infrastructure and social services offer a distinct social and urban environment and better living conditions compared to the old neighborhoods. These projects support the continuity of family relations and social activities through gatherings in recreational areas and children's playgrounds, offering a viable solution for the residential gap caused by the disparity between the number of residential units and population growth.

The research analyzes the nature of residential projects in Kalar city, focusing on their geographical distribution, reasons for their emergence and development, obstacles faced, and their role in addressing the housing shortage. The first part of the research is the theoretical framework. The second part covers the geographical distribution of residential projects in the research area, encompassing 22 projects and 23,376 residential units as of 2023. The third part explains the reasons behind construction and increase of these projects. The fourth part presents an analysis for the distribution of the projects using GIS. The fifth part evaluates the inhabited projects in terms of density and communal services either in the current site plans or in the planning criteria based on population and residential unit numbers. The final part examines the role of these projects in solving the residential gap in Kalar, where 34,663 families are accommodated in 32,498 residential units as of 2023. The research concludes with findings and recommendations

**Keywords**: residential projects, investment, Kalar, residential issues, services

## سەرچاوەکان:


احمد، بنار عبدالوهاب، (2016) هەڕەمەکی نیشتەجێبون لە شاری کەلار، نامەی ماستەر، فاکەڵتی زمان و زانستە مرۆڤایەتییەکان، زانکۆی گەرمیان.2کریم، ئەژین محمد، (2022) هەڵسەنگاندنی خزمەتگوزاری خۆشگوزەرانی لە شاری کەلار، نامەی ماستەر، کۆلیجی زانستە مرۆڤایەتییەکان، زانکۆی سلێمانی.

محمد، بنار حسن، (2024) پەرەپێدانی شارنشینی بەردەوام لە شاری کەلار، تێزی دکتۆرا، کۆلێجی زاندستە مرۆڤایەتییەکان، زانکۆی سلێمانی.

کریم، محمد مهدی، ئامانج فؤاد،(2019)، هەڵسەنگاندنی خزمەتگوزاری فێرکاری ئامادەیی لە شاری کەلار، گۆڤاری زانکۆی گەرمیان، Special Issue.

حکومەتی هەرێمی کوردستان، وەزارەتی شارەوانی و گەشتوگوزار، سەرۆکایەتی شارەوانی کەلار، هۆبەی GIS، (2024) زانیاری دەربارەی گەڕەکەکانی شاری کەلار، زانیاری بڵاونەکراوە.

حکومەتی هەرێمی کوردستان، وەزارەتی پلاندانان، بەڕێوەبەرایەتی ئاماری سلێمانی، بەشی دانیشتوان، (2018) زانیاری بڵاوکراوە.

حکومەتی هەرێمی کوردستان، وەزارەتی پلاندانان، بەڕێوەبەرایەتی ئاماری سلێمانی، (2024) نەخشەی کارگێڕی پارێزگای سلێمانی، بەشیGIS.

حکومەتی هەرێمی کوردستان، وەزارەتی شارەوانی و گەشتوگوزار، سەرۆکایەتی شارەوانی کەلار، بەشیGIS، (2024) نەخشەی گەڕەکەکانی سنوری شاری کلار.

حکومەتی هەرێمی کوردستان، دەستەی وەبەرهێنانی هەرێم، بەڕێوەبەرایەتی گشتی وەبەرهێنانی گەرمیان، بەڕێوەبەرایەتی ئامار و زانیاری، (2024) زانیاری دەربارەی پڕۆژەکانی نیشتەجێبون، بڵاونەکراوە.

حکومەتی هەرێمی کوردستان، وەزارەتی پلاندانان، بەڕێوەبەرایەتی ئاماری سلێمانی، (2009) ئەنجامی پرۆسەی گەمارۆسازی و ژمارەلێدان.

حکومەتی هەرێمی کوردستان، وەزارەتی داد، (2006) ڕۆژنامەی وەقایعی کوردستان، ژمارە (62).

حکومەتی هەرێمی کوردستان، وەزارەتی پلاندانان، بەڕێوەبەرایەتی ئاماری سلێمانی، ڕاپۆرتی ئاماری دیمۆگرافی پارێزگای سلێمانی و هەڵەبجە و ئیدارەکان.

حکومەتی هەرێمی کوردستان، وەزارەتی شارەوانی و گەشتوگوزار، سەرۆکایەتی شارەوانی کەلار، هۆبەی هونەریی، (2024) زانیاری لەسەر ڕوبەری بەکارهێنانی زەوی، داتای بڵاونەکراوە.

حکومەتی هەرێمی کوردستان، وەزارەتی شارەوانی و گەشتوگوزار، سەرۆکایەتی شارەوانی کەلار، هۆبەی مۆڵەتی بینا، (2023) زانیاری دەربارەی مۆڵەتی بینای نیشتەجێبون.

سەردانی مەیدانی بۆ پڕۆژەکانی نیشتەجێبون لە ناوچەی توێژینەوە لە بەرواری 15-20/ 5/ 2024.

چاوپێکەوتنی کەسی لەگەڵ ئەندازیار (سۆران حسن محمد) ئەندازیار لە سەرۆکایەتی شارەوانی کەلار، لە ڕێکەوتی 27-5-2024.

خفاف، عبد علی و عبدالمخور الريحانی، (1986) جغرافية السكان، مطبعة جامعة بصرة، بصرة.
سعدي، سعدي محمد صالح و اخرون، (1990) جغرافية الاسكان، مطابع دار الحكمة، بغداد.
صفر، زين العابدين علي، (2015) تخطيط المدن – اسس و مفاهيم وتطبيقات- طبعة الاولى، دار الوضاح للنشر، عمان.
هيتي، صبري فارس و صلاح حميد الجنابي، (1983) جغرافية الاسكان، مطبعة جامعة بغداد، بغداد.

كاطع، وليد محمد، (2017) التباين المكاني للخدمات المجتمعية لبلدية الكرادة في مدينة بغداد، أطروحة دكتوراه، كلية التربية، جامعة المستنصرية.
عبدارحمن, ريدار نبيل، (2014)، التحليل المكاني و الوظيفي للخدمات الصحية في محافظة دهوك، رسالة ماجستير، فاكولتي العلوم الانسانية، جامعة دهوك.

البهنساوى، أحمد على سليم، (2008) المجمعات السكنية المتكاملة و دورها فى توفير بيئة عمرانية متميزهة بالأحياء السكنية، مجلة الهندسهة بجامعة الازهر، المجلد 2، العدد 16.
سليم، هيوا صادق، ساكار عبدالله ال مدرس، (2019) التحليل الجغرافي للمشاريع السكنية في مدينة أربيل وأثرها في البيئة العمرانية، مجلة جامعة صلاح الدين للعلوم الانسانية، المجلد 23، العدد 10.

1لمملكة العربية السعودية، وزارة الشؤن البلدية والقروية، (1426ه) دليل التخطيط المراكز الاحياء و المجاورات السكنية، طبعة الاولى، رياض.
وزارة الاعمار و الاسكان و البلديات و الاشغال العامة، دائرة الاسكان، (2018) معايير الاسكان الحضري و الريفي في العراق.
مديرية احصاء السليمانية، (بدون سنة الطبع) المؤشرات السكانية و البنى الارتكازية لأقليم كوردستان العراق لسنة 2002، بدون مطبعة.
الجمهورية العراقية، وزارة التخطيط، الجهاز المركزي للاحصاء، (1978) نتائج ترقيم المباني و حصر السكان لسنة 1977 لمحافظة السليمانية.
الجمهورية العراقية، وزارة التخطيط، الجهاز المركزي للاحصاء، (1988) نتائج ترقيم المباني و حصر السكان لسنة 1987 لمحافظة السليمانية.